



کەرکووک مێواندارێک و خاوەن سفرەیەکی

ئەوەندە دڵپاک و دەستکراوەیە،

کە لە پێناوی تێر کردنی برسییەکانی شارەکانی دیکەی کوردستان، منداڵەکانی خۆی

بەبرسیتی  دەهێڵێتەوە.

بۆ ئەوان بە خوێنی خۆی کۆشک و تالار درووست دەکات،

بۆ ئەوانەی خۆی، خانووی لە تەنەکەو مقەوا.

# لاوانەوەیەکی بێدەنگ بۆ کەرکووک

## د. یوسف زەنگەنە

### هەڵبەستی سیاسی

**لەندەن -٢٠٢١-**

زەنگەنە، د. یوسف

**لاوانەوەیەکی بێدەنگ بۆ کەرکووک**

(هەڵبەستی سیاسی)

چاپی یەکەم، لەندەن - ٢٠٢١-

Zangana. Yousuf, Dr.

**A Silent Elegy for Kirkuk**

(Political Poems)

First Edition, London 2021

# سەرەتا

(ئەم سەرەتایەم بۆ زۆربەی کتێبەکانم بە کار هێناوە )

تو‌و خواو تو‌و ئەو خەمەی کەوا ،
دڵی تەنگتان دەسووتێنێ ،
توو ئەو دەمەی چاوەڕوانی ،
دڵ لە سینە دەلەرزێنێ ،
لێم زیز مەبن ،
ئەگەر هات و شیعرەکانم ،
خەمی تری ، پێشکەشتان کرد ،
زۆرتر سووتان ،
ئاخر چی بکەم ،
ووشەی دڵەو ،
لە دڵەوە هەڵدەقوڵێ ،
بەرەو زمان ،
دڵ ئەلبوومی خەمەو ، وێنەی ،

هەزار کۆرپەی بەجێماووی ،
شەهیدانی لە تۆدایە ،
لە بەر دەرکی مزگەوتەکان ،
راکشاوون،
لە سەرماندا ،
لە برساندا ،
بۆ پاروویەك ،
خواردن یا نان ،
باب و داکی شەهیدەکان ،
لە هەژاری و لە بێکەسی ،
سەر بەرەو زەمین کشاوون .
خەمی خۆیان شەهیدەکان ،
کە کوژران ،
لە دڵ کە هیچ ،
لە بیریشدا ،
بێناوو ماوون .
رووبارەکان ،

هەموو وشك بوون ،

گوندەکان و درەختەکان ،

هەموو سووتان ،

گوڵزارەکان ،

رەش بوونەوە ،

هەموو وەرین لە بێ ئاووی ،

دڵدارانی دڵ لە دەست چوو ،

کیژۆڵەیەك ،

دڵدارەکەی ، هەڵواسرێت ،

لەبەر چاووی .

دڵ وڵاتی ئەمانەیە ،

پایتەختی خەم و ماتەمە ،

پڕ بە هەزار ، دەفتەری تر بناڵێنم ،

باوەڕ بکەن ، هێشتا کەمە .

توو خوا ، توو ئەو خەمەی ،

کەوا لەم چرکەدا ،

لە بیردایە ،

لێم زیز مەبن ،

دڵم ئێزگەی بێ نازەکان ،

نازی تری زۆر تێدایە ،

دڵم گەنجەی ، رازدارەکان ،

رازی تری زۆر تێدایە ،

رازی تری ،

زۆر ،

تێدایە .

# ئاخێک بۆ کەرکووک

چۆن، نامرم،
چۆن ناسووتێم،
چۆن دۆزەخی نەبینراو،
لە سینەمدا نابینرێ،
کە ببینم،
خۆشەویستی هەزار ساڵەم،
لەبەر چاوم داگیرکرێ.

# میدیاکان

دیسان هەوری رەشی کەرکووک،
خوێنی باران،
خوێنەکانمان رەنگی سوور بوو،
لە کاتێکدا رژایە خاک،
رەش وەرگەڕا کە تکایە،
نێوچاوانی میدیاداران،
ئەوانەیان خۆیانفرۆشت
بە پارتە کوردفرۆشەکان.

# لە وێنەکانی أنفال

٢٠١٤/٣/١٨

کە زۆر جاران،
خەمی ئەنفال دەمباتەوە،
دەمخاتە نێو ئۆقیانووسی،
خەیاڵەوە،
باوەڕ ناکەن, مێشک و دڵم،
مرۆڤ هەبێت کە بتوانێت،
مرۆڤی تر,  بە زینوەتی،
فرێبداتە چاڵەوە،
گوللـەی بەسەردا بپێژێت،
لمی بە سەردا بڕێژێت،
گوێ نەداتە، نزاو تکای،

پیرو لاوان،

یاخۆد کۆرپەی.

زمان بە گڕوگاڵەوە،

پێرەمێردێک،

باری سەنگینی زەمانە،

پشتی کردبێت بە کەوان،

ئاخر دەبێت چی پێبکرێت،

چی لە دەست بێت،

دژی ئەوان،

بنێژرێت،

ژێر لم خرێت،

تاکو بمرێت،

بە بێ تاوان،

پیرەژنێک, سەختی ژیان،

هەژاری، برسییەتی،

بێ ئاوی و نان،
سۆمای چاوی لێبردبێت،
لەژێر تایەی لۆرییەکی سەربازیدا،
لەت لەت بکرێت،
بهەنجرێت،
کیژۆڵەیەک، کە چرۆ بێت،
نەمامێکی نەرم و ناسک،
بەر لە ناشتن، لە ژێر لمدا،
پاش دەستڕێژی لە ئابرووی،
سینەی هێشتا گووڵ نەکردووی،
بە ڕێژەنەی گووللەی دەستی،
خوا نەناسان،
دابدڕێت،
کوڕە لاوێک بە خەیاڵی،
ئەوەی هێشتا،

سەر لە سینەی دڵدارەکەی،

بە دەنگێکی پڕ سۆزەوە،

ئاوازێکی بۆ دەچڕێت،

بەر لە ئەوەی لە لم خرێت،

بە چنگی قین،

لە بنەوە، زمانی هەڵبکەندرێت،

کۆرپەڵەیەک، شیرەخوارە،

لە بریتی گۆپکەی مەمک،

لوولەی ژاراوی تفەنگی،

لە دەم بنرێت،

پاڕانەوەی دایکێکی لاو،

کەڵکی نەبێت،

لێی بپرسن، خوات خۆش دەوەێ،

بڵێت، بەڵێ،

بڵێن، ئێمە، کۆرپەڵەکەت سەردەبڕین،

تا رەوانی، بەرەو خوداکەت سەرکەوێ،
بە دیتنی خودا تاکوو،
دڵی شاد بێت و بسرەوێ،
سەرسام مەبن خوێنەرانم،
بەم دیمەن و رووداوانە،
مرۆڤ کوژی، خوێن مژین و
بەم ستەم و تاوانانە،
هەڵدەنەوە پەڕەی مێژووی تاوانباران،
لە سەرەتای بوونیانەوە،
لە سەر خاکی عارەبستان،
هەروا بوونەو هەروا دەبێت،
پیشەو کاریان،
خەمی گەورە لێرەدایە،
پێی هەڵدەستن،
بە نێوی خواو یاسای قورئان،

هەزار خۆزگە،

پێی دەگووتین پەروەردگار،

ئایا راستە بەڕێزیانن،

خاوەن بڕیار،

کەوا مرۆڤ بە زینوەتی،

ژێر لم بخرێت، بکووژرێت،

سەربڕدرێت، ئەتک بکرێت،

بە پورکەیەک،

نا، یەک دانە، نا دوو دانە،

یەکسەدو هەشتاو دوو هەزار؟

# کەرکووک، یا، تۆ

گەر وتیان ئەو،
یا گەنجێنەی هەموو جیهان،
من ئەڵێم تۆ،
ئەگەر وتیان،
ئەو، یا، تاجی، پادشاکان،
من ئەڵێم تۆ،
ئەووت ئەویٚ،
یا جوانترینی پەریەکان،
من ئەڵێم تۆ،
ئەو، یا، شاهی،
گشت وولاتان،

من ئەڵێم تۆ،

ئەگەر وتیان،

تەنیا دوو رێت لە پێشدایە،

یەکەمیان ئەو،

دووهەم، کەرکووک بۆ کوردستان،

بە بێگوومان،

نازدارەکەم،

هەڵ ئەبژێرم رێی دووەمیان.

# ئەتک

١-بە بۆنەی بڕیاری هاتنی سوپای دجلە بۆ داگیرکردنەوەی کەرکووک و کوردستان.

٢- پرسیارێکە ئاراستەی دوو شێخەکە کراوە، شێخ جلال الدینی شێخ حسام الدینی الطالبانی آل زنگنە، خاوەنی یەکییتی نیشتمانی کوردستان و شێخ مسعودی مصطفی محمد بارزانی النقشبندی، خاوەنی پارتی دیمۆکراتی کوردستان.

هێشتا خوێنی دوێنێی ئەتک،
لە تکانە، لە داوێنی دایکەکانمان،
وا بە ڕێوەن، سوپای دوژمن،
تا ئەتک کەن، کچەکانمان،
چەند ساڵێکە ئاهی حەسرەت،

دەرپەڕیوە، لە سینەمدا،
لە وڵامی پرسیارەکان،
کاتێک دەڵێم،
کەوا خەڵکی کوردستانم،
ئەمجارەیان داگیری کەن،
منی ون بوو،
بڵێم کوێیە نیشتمانم؟

# دەردە دڵێک، بۆ کەرکووک

من وەکوو شەم دەسووتێم و
دڵۆپ دڵۆپ دادەچۆڕێم،
بە چوواردەوری لەشی خۆدا،
تا تاریکی لە نێو بەرم،
لە سەر ڕێگەی،
عاشقانی شەیدای تۆدا،
بەڵام ئەفسووس،
دڵدارانی درۆزنی نێو باوەشت،
بە شادی تۆ پەریشانن،
هیوایانە کە بتبینن، بۆ هەمیشە،
لە نێو خوێن و ئاگرو
شین و رۆڕۆدا.

# نامەی کەرکووکییەک بۆ خوا

نەخۆشخانە 16.1.2013

ڕاموەشێنە، پەرستاری نەخۆشخانە،
کابووسە خەونە دەیبینم،
کەرکووک نییە لە بەرچاووم،
بەڵکو دەشتی کەربەلایە،
دەیان حسین ڕاکشاوون،
سەریان لە لەشیان جوودایە،
یەک عباسێک،
دەست و پێیان لێکردوە،
ڕووداوەکەی شارەکەی من،
دەیان عباسی تێدایە،
ئەوەی ئەوسا شمرێک کردی،
بەر نەفرەت کەوت،

وڵات ئەمڕۆ،
هەزاران شمری تێدایە،
جاهلانی دین و دونیاش،
دەقیرێنن،
دەڵێن قەدەری خودایە،
خوداوەندا، مەگەر کوشتن،
لەت لەت کردن،
سەربڕینی بێتاوانان،
لە دەفتەری یاسای تۆدا،
کارێکی چاک و ڕەوایە؟
هەزار خۆزگە پەروەردگار،
بۆ ئەم پرسەم،
ووڵامێکت، لا هەبوایە.

# کەرکووک جو انترین بووک

٢٠١٣/١٢/٩

پزیشکەکەم،
ئەوەی کاری لەسەر دەکەیت،
دڵە راستییەکەی من نیە،
گۆشتێکی بە بێ ئێسقانە،
دڵی شەیدام، وا لە سینەی،
جوانێکی تردا زیندانە،
لە جوانیدا بێوێنەیە،
پیرۆزترینی جیهانە،
نێوی خاکی کوردستانە،
جوانتر لە جوانترین بووکە،
دڵەکەشم، لە نێو سینەی ئەو جوانەدا،
نێوەکەی شاری کەرکووکە.

# شەیدای دیدار

بۆ شارەکەم کەرکووک

شەو، بۆ عاشق،
پێشکەشییەکی خودایە،
ئەگەر کە وەخت هەر ڕۆژ بوایە،
شەو نەبوایە،
خەو نەبوایە،
لە خەویشدا، خەون نەبوایە،
تۆش کە لێم بووی،
بە هەتاوی پشت پەڵە هەور،
ئیتر، کەی، چۆن، نازدارەکەم،
منی شەیدای دیداری تۆ،
تۆم دیبایە؟

# من کەرکووکم

پێشکەشە بە دڵسۆزانی کەرکووک

من کەرکووکم،
شاری زێڕی رەش و سپی،
شاری نەوتم،
شاری غازم،
تا ئەو زێڕە بپارێزم،
خوێنی گەشی کۆرپەکانم،
ساڵیانێکە،
بە خۆڕ دەرژێتە ئامێزم،
داهاتەکەی، بە دینارو یۆرۆ و دۆلار،
بۆ باخەڵی رابەرانی گەندەڵکارو

کورد فرۆش و دزوو زۆردار،
خوودی منیش پەراوێزم،
مێشکی سەری کۆرپەکانی من دەبژێ،
لە باوشی سۆزانییە چاوو شینەکان،
قژە زەردو نەرم و خاو و چینچینەکان،
لە ئەنقەرەو لە ئەستەنبۆڵ،
لە دوبەیی و لە ڤییەنا،
تاکو کۆرپەی کاکی رابەر،
ئارام بژێ،
تاکوو تێر بێت سکی ئەوان،
بێ ماندوو بوون، بێ ترس و باک
کۆرپەکانم لە برساندا،
دەستە دەستە،
دەچنە خاک،
دڵسۆزانم،

لە خەوی خۆش،

رادەپەڕن،

رزگارم کەن؟

پرسیارێکە،

هەزار ئەفسووس،

وڵامەکەی کە نازانم.

# لە شەڕە پەڕۆوە بۆ شەڕە بەڵگە

٢٠١٤/١/٥

لە مەر کێشەی کەرکووک، بەداخەوە، دیسان ناکۆکی کەوتە نێو ماڵی کوردەوە، لە راستیدا نێوان پارتەکانی کوردەوە، بە تایبەت، یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و نوێنەرەکانیان لە تەلەفزیۆنەکاندا دەرکەوتن و کەوتنە هەڕەشە لە یەکتر کردن بەوەی کە بە بەڵگە تاوانەکان یا خیانەتەکانی لایەنەکەی دیکە دەخەنە روو کە دژ بە کەرکووک کردوویانە.

بۆ منی کەرکووکی سەلماندییان کە هەردوو لایەنەکە لە پشتی پەردەوە دەستیان هەیە لەم بارودۆخە دڵتەزێنەی کەرکووکدا و هەردوولایان دڵسۆزی خاک و خەڵکەکەی نین و بۆ بەرژەوەندی خۆیان کردوویانە بە کراسەکەی حەزرەتی عوسمان و لە کاتی پێویستدا دەیکەن بە نووکی دارێکداو بەرزی دەکەنەوە تا بیانگەیەنێت، بە ئاواتەکانیان.

ئەم ناکۆکییە،لەبەر هەر هۆ و هۆکارێکەوە بێت، ئەگەر پارتی، باران بێت، ئەگەر یەکێتی با بێت و کەرکووکیش بەفر، ئەوە (با بێت و باران بێت هەر لە بەفر کەم دەبێتەوە).

ئیتر نازانم کەرکووکییان و دڵسۆزانی کەرکووک، کەی لە راستییەکان تێدەگەن؟

ئەم هەستەی لای خووارەوە، خەمێکە وەکوو خاڵێکی شەرم ئاراستەی رووی کوردفرۆشانی دەکەم.

بڕواننە خەڵکانی،
درووست وەکوو ئێمەی کورد،
دوو چاو و دوو گوێ و دوو پێ،
وا مانگیشیان بە جێهێشت،
بەرەو مەریخ کەوتنە رێ،
لە نێو ئێمەی کوردیشدا،
شەڕە پەڕۆ تەواو بوو،
کاتی شەڕە بەڵگەیە،
ئای لەم شەرمە گەورەیە،
خوداوەندا نافەرمووی،
ئەم خەمەم بڵێم بە کێ؟
بڵێی رۆژێک لە رۆژان،
ئەم بەزمە کۆتایی بێ؟

# بەرهەمی خوێن!

لە کاتێکدا پێشمەرگە بووم.

لە سەنگەردا،

هاوڕێیەکم دەکوژرا،

ژیانی خۆی لە دەست دەدا،

ئەوانیتر فرمێسکی رقیان دەڕژاند،

داچۆڕانی خوێنی گەشی،

وەک باڵندەی موژدە هێنەر،

لە چاوی من خۆی دەنوواند،

بیری قوولم دەکردەوە،

ئەفسووس ئەمڕۆ،

نەهاتنە دی بیرەکانم،

هاتنە دی، ئەوەی هەرگیز،

نەدەهاتن بە بە بیردا،

چرکەیەک لەژیانم،
بڕیار نەبوو، کە خوێنی،
سەرجەمی هاوڕێکانم،
چ بە گوولە کوژراو،
چی بە ئەشکەنجە، چی بە ژار،
یا دراوان، لە سێدار،
هەرێمی، کوردستانی،
وەک ئەمەی ئەمڕۆ و ئێستا،
بهێنێتە بوون و بار،
کورد فرۆش، دزو جەردە ،
گەندەڵەو دەوڵەمەندە،
رابەرەو دەسەڵاتدار،
پێشمەرگەش، پێشمەرگەیە،
هەژارانیش هەر هەژار،
دڵسۆزانیش تا دوێنێ،

لە لایەن دوژمنەوە،
دەبرانە، سەر سێدار،
ئەمڕۆ کوردی خاکفرۆش،
لەبەر چاوی هەزاران،
دەیاندەنە، بەر لەقەو
بەر مشت و بەر زللەو دار،
هیچیشیان لە دەست نایەت،
جگە ئەفسووس بۆ خوێنێک،
بە فیڕۆ ڕژایە خاک،
لە بریتی یەک جارێک،
بە هەزاران، هەزار جار.

# قودسی شێخ جلال و دڵی شێخ مسعود

لە وڵاتە بێدڵەکەی،
شێخ جلال وشێخ مسعوددا،
ئەوەی دەیکەن،
دژ بە کوردەو دژ بە یاسا،
دژ بە خەڵکەو دژ بە خودا،
گەر بپرسن،
بۆچی و چییە و چۆن وا دەبێ؟
دەڵێم دەژین، لە نێو لاشەی،
سەرزەمینێکی مردوودا،
گەر بێت و بڵێن، ئەی ئەوە نییە،
بە رۆژ تاکوو شەو،
بە شەو تابەیان،

هەموو خەڵک زیندوون،

لە شاری دهۆک،

لە سلێمانی،

لە هەولێرەکەی،

پایتەختی کوردان،

بەزمە، هەرایە،

شادییەو سەیران؟

لێیان دەپرسم، بە ڕاشکاوی،

گەر هات و ئەگەر، لەشێک بێدڵ بوو،

پێی دەڵێن زیندوو یا دەڵێن مردوو؟

مەگەر هەردوولا،

نەیان دەفەرموو،

کە شاری کەرکووک،

قوودسی کوردانەو

دڵی کوردستان،

ئەمڕۆ ئەو دڵە خرایە ژێر پێ،

قودسی کوردانیش،

چووە باوەشی،

عارەب و کلدوو ئاشووری و توورکمان،

بێ کەرکووک هەرگێز ڕەوا نابینم،

بە خۆیان بڵێن،

سەرۆک هەرێمی خاکی کوردستان،

بەڵکوو سەرۆکی خاکێکی مردوو،

بە کوردی پەتی، یانی گۆڕستان.

# کەرکووکتان خستە مەزادەوە

پێشکەشە بە رابەرانی کورد.

خاکی کوردستان،
شەرم ئەکات ئێوەی،
لێ لە داییک بوون،
دایکی خۆتانیش،
ئەگەر مابایەن،
خۆزگایان دەخواست،
کە لە بار دەچوون،
شیری خۆیانیان لێو حەرام دەکرد،
وەکوو کەرکووکتان،

کرد لە کوردستان،

خستتانە مەزاد،

بێشەرم و بێترس،

بۆ پارەو بۆ بوون،

چەند کورسی وەزیر،

بۆ چەند قەلەموون.

# شەیدای کەرکووک

مەهاباد-١٩٧٤/٩/٢٢

ئەم شعرەم لە شاری شیرینی مەهاباد نووسیوە، کە لە خانەی جوانانان دانرا بووین، لە گەڵ برِێکی زۆر لە پێشمەرگەی برینداری دیکەدا، پاش ئەوەی لە نەخۆشخانەکەی شاری کوردپەروەری سەردەشتدا، لە لایەن بەڕێز دکتۆر جمال غفورەوە عملیاتم بۆ کرا پاش بریندارى سێهەمم. شعرەکە دوو ماڵییە، بەڵام لە بەر تەنگی لاپەڕەکان ماڵەکانم دابەش کردووە.

مەستی دوور بوو لە بادەی مەی،
وا گەیشتە بارەگای،
لێوی خستە لێوی تەنکی،
هاتە دی ئاوات و هیوای،
بوولبوولی دەم بە شین و زار،
خۆی خستە سەر لێوی گووڵ،

پەپوولەی دیلی دڵداری،
خۆی گەیاندە کێوی دڵ،
شەپۆڵی ناوەندی دەریای،
بە جۆش و سەرشێت و هار،
لە قەفەسی تاریک هەڵهات،
خۆی گەیاندە سەر کەنار،
شەوی دڵتەنگ و تاریک،
گەیشتە ئەستێرەی گەش،
کە باوەشیان لە یەکتردا،
لە بیریان چوو کاتی رەش،
تیشکی رۆژی گەرمی عاشق،
بۆ ئەوەی بگات بە خاک،
لەت لەتی کرد هەوری ئاسمان،
بێ بەزەیی و ترس و باک،
کەوی کزی پاڵ بەردانی،

بێ جم و جۆل، شۆخ و شەنگ،
راوکەر نەما بە سەربەستی،
وا دەخوێنێ پر بە دەنگ،
راوکەریماندووی ئاوارە،
لە شوێن نێچیری رۆژان،
بە هەر جۆرە هەوڵدانی بوو،
خۆی گەیاندە ئاسکی جوان،
هەموو گەیشتن بە ئومید،
دەستیان کردە ملی ئاوات،
رێگەی تاریکیان رووناک بوو،
کاتێ هەتاو لە دوور هەڵهات،
گیانە ئەی منی ئاوارە،
دەبێ کەی بێت بگەم بە تۆ،
کەی بێ منیش رزگارم بێ،
لە گریان و شین و رۆڕۆ،

كەی بێ منیش وەكو مەستان،
بگەم بە بادی لێوانت،
كەی بێ منی سووتاوی تۆ،
بگەم بە دەریای چاوانت،
وەك بوولبوولی شەیدا یارە،
كەی بێ بۆنكەم گووڵی سینەت،
وەك پەپوولەی شەیدا گیانە،
كەی دەگەمە دڵی سینەت،
بڵێی منیش هەر وەكوو شەو،
لە تاریكی رزگارم بێت،
ئەی ئەستێرەی ئۆمیدی من،
كەیە ئەو رۆژەی كە هەڵبێت،
كەی بێ تیشكی رۆژی رووی تۆ،
هەڵبێت لە پێش چاوانی من،
كەی دەخوێنێ كەوی بەندی،

باڵ شکاوو رووتاوی من،
بە نێچیری ئاوات کەی بێ،
منیش،وەکو راوکەر بگەم،
کەی بێ و بڵێی منیش باوەش،
لە خۆشەویستی دڵ بدەم،
دڵی شەیدام بڵێی بێت و
پاش سووتاندن، بگرێت ئارام،
ئەگەین بە یەک کەرکووکەکەم،
بۆچ بێدەنگیت کەیە ووڵام؟

# باوەشی یار

خەڵکانیتر، ئاواتیانە،
ئەگەر ڕۆژێک بگەن بە یار،
لە باوەشی ئۆقرە بگرن بۆ هەمیشە،
تەمەنیشیان،
بە ساڵ ببێت،
هەزار، هەزار،
لەو بارەوە من جیاوازم،
لە گشت، ئەوان،
ئاواتمە، پاش پەنجا ساڵ،
ئاوارەیی و دەربەدەری و لە چاوەڕوان،
کە بگەمە نێو باوەشی،
لە خۆشیدا، کتووپڕ گیان،
بسپێرمە،
دەستی یەزدان.

# ئایەی أنفال

لە ڕۆژەوە ئایەی انفال ،
لە شوێنێکی نادیارەوە ،
دابەزیوە ،
لەو ڕۆژەوە ئەو بڕیارە ،
لە هێزێکی نادیارەوە ، دەرپەڕیوە ،
پێغەمبەری ئاخر زەمان ،
بانگەوازی بۆ چڕیوە ،
لە هیچ شوێنێك ،
لە جیهانی کۆن و نوێدا ،
لە نەتەوەی کورد بەولاوە ،
هیچ میللەتێك ڕۆڵەکانی ،
وەك پەڕی گووڵ ،
بەو ستەمە نەوەریوە .

# من کێم و چیم ؟

من دەنگی تۆم ،
من بڵندگۆم ،
منم دەنگی بێدەنگەکان ،
من گریانم ،
من گریانی بە هەزاران ،
خووشک و داک و
بابی هەموو شەهیدانم،
گەر بپرسێت ،
من کێم و چیم ،
پەلەپیتکەم ،
پەلە پیتکەی پەنجەی دەستی ،
شەختە بردووی ،
پێشمەرگەیەکی سك برسیم ،
من سەرچاوەی کانیاوێکی ،
ئاووی سوورم ،
چوونکە خوێنی ،

هەزارانی ، پیرو کۆرپەی ، نەتەوەکەم ،
لە چاومەوە هەڵدەقوڵێت ،
گرمەو ناڵەم ،
گرمەو ناڵەی ،
ئەو خوێنەیە ،
کەوا هێشتا لە ناخمدا ،
هەر دەکووڵێت ،
من رووبارم ،
رووبارێکی شێت و هارم ،
لە بریتی مەل و ماسی ،
تەرمی کۆرپەو ژن و پیاوی ،
بە گازی کیمیاوی خنکاوی ،
حەلەبچەیە مەل و ماسیم ،
گەر بپرسیت من کێم و چیم ،
من ئاوێنەم ،
شێوەو سیمای راستەقینەی ،
رابەرانتان پیشان دەدەم ،

کووتوومت هەر وەکوو خۆیان ،
خوێن ڕێژ ،
خوێن مژ ،
خوێن فرۆشی ،
ڕوویەکیانە ،
دزی و گەندەڵی و جەردەیی ،
بێ ویژدانی بێ بەزەیی ،
بە بێ شەرمی و بێ پەردەیی ،
پەرستنی لەشفرۆشان ،
سۆفی کونجی مەیخانەکان ،
بادە نۆشی ،
ڕاستی ڕوویەکەی تریانە .
لە ماڵی خۆ ، پڵنگ و شێر ،
ئازا ، چاوو نەترس ، بوێر ،
لە ڕاستیدا ، خزمەتکاری ،
کۆیلەیی ، عەبدی و بەردەیی ،
چاوو شۆڕ کردن ،

بۆ بێگانە ،
کورنۆش بردن ،
سیماو شێوەی سێهەمیانە ،
من نموونەی خەڵکێلێکی ،
رووت و رەشم ،
لەوەتەی هەم ،
دەربەدەری و ماڵ وێرانی ،
ئەشکەنجە ، لێدان ، زیندانی ،
ژیانێکی بە بێ ئاوو بە بێ نانی ،
بووەتە بەشم ،
بەڵام ئەمڕۆ ، چاوەڕوانی ،
پاشە رۆژێکی زۆر گەشم ،
بۆیا ، ئەمڕۆ ، دەم بە فەریاد ،
بە هاوارم ،
دژ ، بە رابەری کوردفرۆش ،
دژ بە رابەری زۆردارم .

# چیرۆک بۆ منداڵان

**یەکێ بوو یەکێ نەبوو ،**

**لە خودا گەورەتر نەبوو ،**

**باو بوو کە یەك فاتحە ،**

**بخوێنن بۆ یەك مردوو ،**

**ئەگەر مردوو دوو بایە ،**

**فاتحەش دەبوو بە دوو ،**

**وەختی ئەوە هاتووە ،**

**کەوا زۆر بە پەلەو زوو ،**

**دوو فاتحە، بخوێنین ،**

**بۆ دوو شتی لە دەست چوو ،**

**یەکەم کەرکووك کە رۆیشت ،**

**سپێردرا بە دوژمن ،**

**دووهەم ، دوو پارتی کوردی ،**

**کە بە دوو دەستی خۆیان ،**

**گۆڕی خویان هەڵکەندو**

**چوونە جیهانی مردوو .**

# ئاگر پەرستی

پێم دەڵێن ، ئاگر پەرستەو
روو لە ئاگر نوێژ دەکا ،
وشەی ئاگر دەبارێنێ ،
بە ئاگر دەست رێژ دەکا ،
نیگای گڕ ، هەناسەی گڕ ،
گڕ دەبارێنێ چاووی ،
زوانی بە گڕ دەچەرخێت و
بە گڕ گووتوو و بێژ دەکا ،
ئای کە شێتن دوژمنانم ،
گێلن و گەوج و نەزان ،
گەر بەوانەی باسی دەکەن ،
لێم بدەن تیشەو تاوان ،
پێشینەی من نەناسن و
بێئاگان لە زێدی من ،
لە نێو گڕ چاووم هەڵهێناو

زمانم هاتە سووڕان ،
ئەوەی گڕ بێ شیری مەمكی ،
سینەی دایكی ،
ئەوەی گڕ بێ ئاوی شادی ،
پشتی باوكی ،
شەرم نییە ، شل و خاوو بێ ،
كەسێك كەوا ،
بە خەنجەری نووك ئاگرین ،
بڕا ناووكی ،
پێیان دەڵێم با بزانن ،
خەڵكی شاری گڕستانم ،
لە نێو گڕی ئەو شارەدا ،
هاتنە جیهان باپیرانم ،
لە نێو خاكی ئاگریندا ،
یەك لە دوای یەك نێژران ،
حەرام زادەم ،گەر گڕ نەبم ،
منیش لە رووی دوژمنانم .

# دڵدارە درۆزنەکان

کاتێ زانیم ،
هەتاو لای من ،کە ئاوا بێت ،
لە سەر سینەی یارم هەڵدێت ،
بە تەلەسکۆبی خەیاڵم ،
کێشام ،کێشام ، تا گەیشتە ،
زەبری پەنجەو دەست و باڵم ،
لەسەر کووڵمی ئاگرینی ،
نووسیم گیانە ،
خۆشتم دەوێ ،
بەبێ تۆ دڵم ناسرەوێ.
شەو نەخەوتم ، تاکوو بەیان ،
لە چاوەڕوانی وڵامی ،
کە نووسیبووی ،
هەی درۆزن ، درۆزنەکان ،
نووسیمەوە ،

سوێند بێت ، بە گیانە پاکەکەت ،
**دەتپەرستم، ئەی گیانەکەم،**
بووکی هێوام ، نازدارەکەم .
*****
ناڵەی لە وێوە هاتە گوێم ،
ئیتر پاك نیم ،
داگیر کرام ،
یاری تۆ نیم ،
فرۆشرام ،
بووکی تۆ نیم ،
من دزرام ،
من دزرام ،
کاتێك کە تۆ ،
بە جێت هێڵام .
*****
هەزار سوێندو هەزار پەیمانت ،
لە بیر کرد ،

هەزار ، یا من ،

بووکی تۆ بم ،

یاخود نەمانت ،

لە بیر برد ،

کاتێك ،کە من فرۆشرام ،

لەو کاتەدا،

نە خۆت کوشت و خوێنی دڵت ،

تازە زاوا بخنکێنیٚ ،

نە ، نەڕاندت ،

کە نەڕەی تۆ ،

فرۆشیارو کڕیاری من ،

بترسێنیٚ ،

نە هێرشی جارانت ما ،

کە ئەو پەیمانە ،

بشکێنیٚ .

*****

هەر تۆ نەبوویت ، ئەمەت پێم کرد ،

لە نێو هەموو عاشقاندا ،

حەیامت، برد ،

دڵدارانی ، دیکەی وەك تۆ ،

بەمەش وازیان لێنەهێنام ،

کە تۆ کردت ،

خۆت هەڵهاتی و بە جێت هێڵام ،

بەڵکوو ئەوان ،گەڕانەوە ،

چەند کرپاری تازەتریان ،

بە دوواوە بوو ،

ئاگرێکی پڕ لە گریان ،

بە دوواوە بوو ،

نە تەنها گریان تێبەردام ،

لە چەند لا وە ،کەوتنە گیانم ،

لەت لەت کرام ،

سووتام ،

برژام ،

ناسنامەکەی،

هەزار ساڵەیان ، دڕاندم ،
نێوەکەشیان، سڕیمەوە ،
بانگی تازەش ،
لە بن گوێمدا ، درایەوە ،
نێوی تازەم بۆ دانرا ،
ئاڵا یەکی تازەتریش ،
لەسەر سینەمدا ، هەڵکرا ،
بۆیا ئیتر ، باسم نیە ، دەنگم نیە ،
کەس نامناسێ ، بێزمانم ،
بە کەس ناگات ، نامەکانم ،
کەسیش نامەم بۆ نانێرێت ،
چوونکە ئیتر ،
لە پۆستخانە ، جیهانییەکان ،
بێ نێووم و بێنیشانم،
روو رەشی بۆ ،
دڵدارەکانم ،
دڵدارە درۆزنەکانم .

# من

دەریایەکم ،

زۆر پان و پۆڕ

بە پیلانی ئاو لێڵ کەران ،

قەد لێڵ نابم ،

ئەو رێگەیەی ، لە سەریدام ،

بە پیلانی ، ڕێ ون کەران ،

تاکوو مابم ،

لێی ون نابم .

*****

ڕووبارێکم ،

بە زمانی ،

بە مانگە شەو ، وەڕیوەکان ،

تا دڵۆپێک ئاووم تێ بێ ،

قەد پیس نابم .

من گوولێکم ،
جوودا ، لە گشت ،گوولانیتر ،
بە هەناسەی پیسی نایار ،
تا رەگێکم ،
لە سەر چڵ بێ ،
قەد سیس نابم .

# خەمەکانم

خەمەکانم ، چەندە زۆرن ،
گەلێک، زۆرتر ،
لە دڵۆپەی ، ئاوی باران ،
سووتێنەرتر لە ئاگرو
گڕی خۆرن ،
بە هێزترن لە بڵێسەی ، مەشخەڵەکان ،
خەمەکانم ،
تینوون ، تینوون ،
تینوو وەکوو ،
دەشتی وشکی ،
ئاوو نەدیدە ،

چەند ەها سالّ ،
وەک رووباری،
خوواری کانی،
بە چیمەنتۆ داپۆشراو و
وشککراو،
لە بێئاوی،
دەروون سووتاو ،
خەمەکانم ،
گەورەن ، گەورەن ،
وەکو خەمی ، دایکی نازا ،
بۆ گرۆگالّی ، یەك منداڵ ،
وەکوو خەمی کۆترێکی،
بێدەست و باڵ،
خەمی بولبول ،
لە سەر لاشەی ،
گوولّی ژاکاو ،
خەمی گوولّی ، لێو کراوە ،

بۆ ماچێکی دڵدارەکەی ،
لە نێو قەفەسدا ،
بەندکراو .
گەورەن ،گەورەن خەمەکانم ،
گەورەترن ،
لە سەرجەمی خەمەکانی ،
گیاندارانی ،
سەر ڕووی زەمین ،
لە سەرەتای ژیانەوە ،
تاکوو ئێستا ،
ئەوانەیان کە مردوون و
ئەوانەشیان ،
هێشتا دەژین .
گەورەترن لە خەمی چڵ ،
لە پاییزدا ،
کە زەرد دەبن ،

وشك و دەمرن ،
یەك لە دووای یەك کۆرپەکانی ،
چەند ناخۆش و خەم هێنەرە ،
کە دەبینیێ ،
لە بن پێدا ، دەهەنجرێت کۆرپەیەکی ،
کە دەبیستێت ، خشەکانی ،
کە بایەکی بێ بەزەییش ،
رای دەماڵێ، لەبەر چاووی ،
نە باسێکی بۆ دەمێنێت ، نە هەواڵی ،
نە نێویکی ، نە نیشانی .
خەمەکانم ،
گەورەترن لەوەی رووبار ،
بە سەد رەنج و سەد تەقەللا ،
ئاو دەکێشی و ئاو کۆدەکا ،
لە ناکاودا ،
دەریای زۆردار ،
دەیمژێت و قووتی دەدا،

گەورەترن ، خەمەکانم لەوەی دەریا ،
کاتێك هەتاو ،
گڕی گەرمی تیشکی قینی ،
بەرەو سینەی دەوەشێنێ ،
دەیکوولێنێ ،
دەیکا بە تەم ، دەیکا بە هووڵم ،
رایدەکێشی بەرەو ئاسمان ،
لە بەر چاووی دەیکا بە هەور ،
دەیسپێرێتە دەستانی با ،
ئەویش بیکا ،
تا بە باران ،
بیبارێنی ،
بە سەر خاك و دەریای تردا ،
ئەمیش بێدەنگ ، بێدەسەڵات ،
خەمەکانی دەیخواتەوەو
خۆی، خەم دەخوات ،
خەمەکانم ،

گەورەترن ، لە گشت خەمێ ،
تاکو ئێستا باسکراوە ،
لە گشت خەمێ ، تاکو ئێستا ،
لە سەر کاغەز نووسراوە ،
خەمی من و لاڵ و کەڕێك ،
وەك یەك وایە ،
ئەو تێناگات ،
لە پیلانی دەورووبەران ،
بەڵام منی ، رەنج بە باچوو ،
لێم تێناگەن خەڵکی جیهان ،

# دووای راپەڕین

لێم مەپرسن ،
بۆچی دیسان ،
روو ژاکاوو و
لە سینەدا ، هەناسەکان ،
حەپەساوو و
ویڵ و سەرگەردانم من ،
لێم مەپرسن ،
بۆچی دیسان ،
بێ ئوومیدوو و
دەست لە ئەژنۆ ،
کزە دەنگم ،
زەردە رەنگم ،
گێژوو پەریشانم من ،
*****
ئەی کوردانی دوور لە وڵات ،

ئەی ئاوارە ، لە وڵاتی بێگانەکان ،

دوور لەوانەی ،

روویان دەدا لە کوردستان ،

لەوێ نەبوون و نازانن ،

کە چی روویدا ،

دوای راپەڕین ،

گویم لێبگرن ،

پێتان بڵێم ،

چۆن بووین ،

چی روویدا ،

چۆن دەژیاین .

ئەوو جارەشیان ،

وەکو جاران ،

لە چاوەڕوانی رزگارکەر ،

چاوەڕوانی موژدەهێنەر ،

ئاڵا بە دەست ،

ئاڵایەکی پاڵ بە سێبەر ،

وەك ئەوانەی ،

چل و چووار هەزار پێغەمبەر ،

ئەمجارەیان ،

لە سەر پشتی کەشتی ئاوات ،

بەرەو کەنار ،

بەرێکەویت ، بێت و بگات ،

بەو هۆیەوەو و بەو مەبەستە ،

بە کۆمەڵ و دەستە دەستە ،

لە کەناری ،

دەریای شێتی ،

پر لە زریان ،

پڕ لە باهۆز ،

پڕ لە توفان ،

دەیان ساڵی ،

دووروو درێژ ،

چاوو لە دەریاو

شەپۆلەکان ،

دەست لە ئەژنۆ ،

بە بێ چرپە ،

بێ وتو وێژ ،

دانیشتبووین ،

دەیان هەزار ،

لە چاوەڕێی ،

کەشتی هیواو ،

ئارەزوەکان ،

*****

گەیشت ،

بەڵام ،

ئەوجارەیان ،

یەك رابەری تێدا نەبوو ،

بەڵکوو چەندین ،

لە بریتی فرمێسکی چاوو ،

لە ئارەزووی بۆ دووبارە ،

بینینی خاك ،

سەدان کۆرپەی ،

بێ باب و داك ،

سەدان گووندی ،

وێران کراوو ،

چەندین هەزاریش ،

گۆرستان ،

دەموو چاوویان ،

پڕبوو لە قاقای پێکەنین ،

نە یەك ئاڵا ،

بەڵکوو دەیان ،

بە سەر سەریاندا ،

دەشەکان ،

*****

گەیشت ،

بەڵام ،

هەزار ئەفسووس ،

ئەوجارەشیان ،

وەکوو دەیان ،
جاری جاران ،
کورد گووتەنی ،
هەمان تاس و
هەمان حەمام ،
هەمان شێخ و
مەلا و ئیمام ،
هەمان تەسبیح ،
هەمان بەرماڵ ،
هەمان دهۆڵ ،
هەمان زوورنا ،
هەمان شمشاڵ ،
هەمان چیرۆك ،
هەمان داستان ،
هەمان کەندووی ،
بۆش و بەتاڵ ،
هەمان پڵاو ،

هەمان خەیاڵ ،

هەمان عەبا ،

هەمان کراس ،

هەمان شەرواڵ ،

هەمان چەقۆی ، مشتکزێڕین،

هەمان ، چنگاڵ ،

*****

هەموو کەسێك ،

وەك خۆی وابوو ،

وشەی سەر زار ،

نەگۆڕابوو .

ئارمان ،

دۆلار ،

ئایین ،

دینار .

بڕوا ،

لێرە .

پەیڕەو ،
تومان .
یابە ،
یەزدان ،
ئاغا ،
خودای ، سەر ئاسمان ،
ئارقەداشیش ،
پەروەردگاری گشت جیهان ،
لای هەندێکیان ،
هێشتا خاکی عارەبەکان ،
ماڵ و بارەگای خودا بوو ،
لای هەندێکیان ،
قیبلە ،
روو لە ئەمریکا بوو ،
لای بەشێکیان ،
بۆچوون وابوو ،
هێشتا زەمین ، لە سەر شاخی ،

نێرەگا بوو ،

گا لەسەر پشتی ماسی ،

ماسیش لە نێو دەریا بوو ،

دەریا پڕ لە شەپۆڵ و

شەپۆل روو لە ، رەشەبا بوو ،

*****

ئەوجارەشیان ،

پشتگوێی خرا ،

سکالاکان ،

کە نووسیمان ،

لە نەبوونتان ،

بە دەستانی ،

فارس و عەجەم ،

لە ڕیشەوە ،

هەڵکەندراین ،

بە دەستانی ،

گەڵی عارەب ،

لە ڕێی بیری ،

الله و یارب ،

لە ڕاستیدا ،

بیری رەشی ،

نەوەی قەحتان ،

بە گازو ژار ،

خنکێندراین ،

بە دەستانی ،

نەوەکانی ،

ئالی عوسمان ،

بە پیلانی ،

عەهدو پەیمان ،

لە سەر تا پێ ،

سووتێنراین ،

لە وڵامدا ،

زۆر بە نەرمی ،

ئەوجارەیان ،

پێکرا گووتیان ،
قەیدی نیە ،
برامانن ،
هاونەژاد ،
هاوودین ،
هاووپەیمان ،
لە تەنگانە ،
پەنامانن ،
برا گۆشتی برا دەخوا ،
بەڵام ئێسکی ، قەد ناشکێنی ،
جەرگ و دڵی دەبرژێنی ،
بەڵام هەرگیز ، نایسووتێنێ .

*****

ئەوجارەیان ،
زۆر بە نەرمی ،
بەردەوام بوون ،
روو لە ئێمە ،

پێکرا گووتیان ،

ئەی هەڤالان ،

بە هەزاران ،

شەهیدتان دا ،

بۆ یەك ڕابەر ،

بەڵام خوێنی ،

ئێوەی گەشی ،

پڕ سوودوو فەڕ ،

لە بریتی یەك دانەیەك ،

چووار پێنجێکی ،

هێنایە بەر ،

*****

ئەوجارەیان ،

زۆر بە نەرمی ،

ڕوو لە ئێمە ،

گشت پرسیان ،

کامیان چاکە ؟

یەك دۆست باشە ،

یا خوود ، دوو ، سێ ؟

بۆ ڕزگاری ،

یەك تاکە ڕێ ،

یا خوود ،

چەند ڕێ ؟

سێبەری ، چووار ،

یا پێنج ئالا ،

فێنکترە ،

یا سێبەرێ ؟

کامیان نەما ،

مرۆڤ بۆ پاڵ ،

ئەوی تریان ،

دەردەپەڕێ .

لە شاییدا ،

بە دهۆڵی ،

دهۆڵ کووتێك ،

زۆر خۆشترە ،

یا پێنج شەشێك ،

پیاو هەڵپەڕێ ؟

*****

رابەرانی ، کەشتی ئوومید ،

ئا ئەمە بوو ،

پرۆگرامیان ،

ئا ئەمە بوو ،

مووژدەو پەیام ،

لە بۆ داك وبابی شەهید ،

لە بۆ ژن و کۆرپەکانیان ،

لە بۆ خوشکی ، ئەنفال کراوو ،

لە بۆ برای ، سەدان ،

کوردی هەڵواسراوو ،

بۆ پێشمەرگەی ،

چیاو سەنگەر ،

ئەوەی گڕی ، خوێنی گەشی ،

لە گەڵ گرِی ،

تیشکی هەتاوو ،

دەیکاتە شەڕ .

*****

ئەوەی سەیرە ،

ئەوجارەیان ،

بۆ یەکەمجار ،

لە مێژوویان ،

گشت رابەران ،

بە بێ شەڕوو ،

بێ پێکدادان ،

لە یەك ڕادا ،

هەموو یەك بوون ،

بە ئاشکراو بە نهێنی ،

بە نووسین و قسە ،

گووتیان:

ئا ئەمە بوو ، بەرنامەمان ،

ئا ئەمانە نووسراووە ،
لە پەیڕەوو پرۆگرامما ن ،
ئەوەی ویستی ،
بیسەلمێنی ،
با بمێنیً ،
ئەوەی نەیویست ،
ئاواڵەیە ،
گشت د ەرگاکا ن ،
جا دەکا ن ،
پا ن ،
سنوورەکا ن ،
بیً سنووروان ،
با بڕوات و
مل و ئەستۆی ،
خۆی بشکێنیً،
لەسەر ئەم خاکە ،
نەمێنیً ،

*****

ئەی خوێنەری ،

ئەم وشانەم ،

ئەی گوێ گرتوو ،

لەم هەستانەم ،

خەمەکانم ،

گەڵێك زۆرن ،

گەڵێك قوولن ،

برینەکان ،

ئەمجارەیان ،

مافم بەرێ ،

زەرد بێ ،

ڕەنگم ،

ڤژم ژاکاوو ،

واقم وورماوو ،

کز بێ ،

دەنگم ،

مافم بەرێ ،
ئەمجارەیان ،
ئەگەر هۆشیش ،
لە مێشکمدا ،
دەرپەڕێ ،
هەر ئەمجارە ،
مافم بەرێ ،
ئەگەر گیانیش ،
لە گیانمدا ،
لە تاواندا ،
لە خەماندا،
هاتە دەرێ .

# چیرۆک بۆ لاوانی دوای ٢٠٠٠

روو ، مانگ بەزێن ،
پێکەنینی ، هەتاو سووتێن ،
وێنەی پەری ،
ئاسمان برژێن ،
وشە ، هەنگووین ،
قژ ، هەر وەکوو ، پەلکە زێڕین ،
پەیکەر ، ڤینۆسی خوای جوانی ،
داگیرکەرێك ، دڵی لێی چوو ،
داگیری کردوو رفانی ،
چەند ساڵێکی دوورو درێژ ،
لە باوەشیا تلایەوە ،
نازدارەکە ،
ئاوەڕی لێنەدایەوە ،
وەك خۆی بە پاکی مایەوە ،

تاکوو ئازاری هەشتاو هەشت ،
دڵدارێکی درۆزنی ،
لە نەژادەوە ، دوژمنی ،
روو گرژو پیس و چڵکنی ،
تازە تری لێ پەیدا بوو ،
حەزی لێکرد ،
نا بۆ جوانی ،
نا ، بۆ دڵداری و هێنانی ،
لەگەڵ داگیرکەری کۆندا ،
بەربوونە شەڕ ،
بە تۆپ بە تفەنگ ،
بە خەنجەر ،
دڵداری کۆنی هەڵڕەتان ،
تازە دڵدار بۆ بە شێری ،
نێو گۆڕەپان ،
نازدارەکەی لە باوەش کرد ،
بەر بووە خوێن ، هەڵمژینی ،

گڕ تێبەردان و سووتانی ،
**کە خنکانی،**
کە ، مرانی ،
بە بێ شەرم و ترس و حەیا ،
تەرمەکەی خستە سەر شانی ،
لەگەڵ بڕێك ، هاووبیرانی ،
بردی بەرەو گۆڕستانی ،
باپیرانی ،
چەند شێتێکی وەك من نەبێت ،
کەسێك بەم باسەی نەزانی .

کەرکووک، سفرەدارێکی هێندە چاوو تێروو
دەستکراوە و بەبەزەییە، لەپێناوی تێرکردنی
دانیشتوانی ناوچەکانی دیکەی کوردستان و
عیراقیشدا، کۆرپەکانی خۆی بە
هەژاری و برسییەتی
دەهێلێتەوە.
ئەوەی خەم هێنەرە،
برسییە تێرکراوەکان و بە خوێنی
ئەو دەوڵەمەند بووان و بەپلەو پایە
گەیشتووان، گوێ لە ناڵەی کۆرپەکانی ئەو
ناگرن.
د. یوسف زەنگەنە

# بڵێی

بڵێی رۆژێک هەتاووی من،
وەکوو ئەوەی خەڵکی جیهان،
هەڵبێت لە پشت لووتکەی کێوێک،
رووناک بکات، خاکەکەمان،
ئەو ئاواتەش یاخود وەکوو،
سەدانیتر،
لەگەڵ مندا دەنێژرێت،
لە گۆڕستان،
بە پیلانی دزو جەردەو
گەندەڵکاران.

# پێشمەرگەو کەرکووک

ئەگەر پێشمەرگە نەبوایە،
بن و بانی گڕ بوو ئێستا،
شاری کەرکووک،
پیاوەکانی یا سەربڕاو،
یا بە داردا هەڵواسراو،
ژنانیشی هەر یەکەیان،
رۆژی چەند جار،
بۆ پیاوانی خێڵی ریشدار،
چڵکنە تووک،
ببوون بە بووک.

# گیانبەخشانی شۆرجە

ماوەی جارێک،
خوێنی پیرو لاوی شۆرجەی،
روحی کەرکووک،
بەرەو زەمین دادەچۆڕێت،
دەبێت بە نەوت،
تا، شادبژین رابەرانی،
گەندەڵکارو دزو جەردە،
لە بازاری سیاسەتدا،
دەفرۆشرێت،
بە ئاشکراو لە پێش پەردە،
خوداوەندا، رێچارەیەک،
بۆ ئەم خەمەو
بۆ ئەم دەردە.

# خوداوەندا بمکە بە هەور

خوداوەندا،
بڕیار بدە، فریشتەکان،
بڕواننە،
لە بەرگ تا بەرگ،
دەفتەری گشت کردەکانم،
ویست، ئارەزوو، داواکانم،
بێگوومانم،
خالین، لە داوای دارایی،
پلەو پایە، ئارەزووەکانی دوونیایی،
بەڵام ئەمڕۆ تکام وایە،
لە بەڕێزتان،
پەروەردگار، خودا، یەزدان،
بمکە بە هەور،

بمسپێرە، بە دەستی با،

بمبا، بمبا،

تە دەگەمە ئاسمانی شار،

ئا لەوێدا ببمە باران،

داچۆڕێمە باوەشی یار،

شاری کەرکووکی بریندار.

# بۆ شەڕڤانێکی گیانبەخشی باشووری

که له رۆژئاوای کوردستان، گیانی بەخشی

-١-

ویستم هەڤاڵ، باسی چوونت،
له شعرێکی خەماویدا، دابرێژم،
پەیکەرێکی لێدرووستکەم،
خەمی خۆم و هاوبیرانی، تێبنێژم،
رەوانتم، هاتەبەرچاو،
پێدەکەنیت، بە گریانم،
که لێت پرسیم،
بۆ نازانی من شەهیدی،
رزگاری خاکی کوردانم،
دەبێ که تۆ دڵشاد ببیت،
که سەلماندم، بۆ دوو جیهان،

ڕەوابوونی،مافەکانم،

-٢-

ساڵانی چووم، هاتەوە یاد،
کاتێک دەتووت،
سابلاغ، ئامەدو قامشلوو،
وەک کەرکووکن،
لەدیدی هەردوو چاوانم،
کوردستان هەر،
یەک سەرزەمینە،
بە چوارپارچەی من نازانم،

-٣-

بڕیارتدا، بڕۆیت،کە چوویت،
ئەو سنوورەی،
بەتانک وتۆپ نەشکێندرا،
بە لافاوی خوێنی گەشت،

هەڵت وەشان،
لەتلەتت کردوو رووخاندت،
لەنێواندا،دیوارەکان،

-٤-

کاتێک گڕی خوێنی گەشت،
لە سینەدا،
شکۆفەی کرد،
بوو بە مەشخەڵ،
بوو بە چرا،
لە سەر رێگەی عاشقانی خاکەکەتدا،
هەڵواسرا،
رێشاندەر بێت تاکوو بۆیان،
بەرێکەوتن ئەگەر هات و
یەک یەک،دوو دوو، یا بەکاروان،
بە بێووچان،

بۆ رزگاری خاکی کوردان،

-٥-

گووڵی خوێناوی سەر سینەت،

بوو بە گووڵی سەرلێوانی،

دڵدارانی،

گووندەکان و شارەکانی،

سەرتا سەری،

خاکی خوێناوی کوردستان،

بۆنی خۆشی، تێکەڵ لەگەڵ،

ئاوی باران،

بووبە عەتری هەڵبژاردەی،

گەریلاکان و شەرڤانان،

لە شنگال و لە کۆبانی و

خاکی گەرمیان،

بوو بە پەیڕەو،

بەپرۆگرام،
بۆ لاوانی هەنووکەیی و
داهاتووەکان،
کە هەڵکەنن،
سیمی دڕکاوی سەر سنوور،
بە دەست، بە پەنجە، بە ددان،
خواروو وژووروو،
راست و چەپی، بۆ نەمێنێت،
کە ئیتر خاکی نیشتمان،

-٦-

بنوو ئارام، هەڤاڵەکەم
تۆمارکرا، نێوی پاکت،
لە کاروانی،
شەهیدانی،
رێگەی رزگاری کوردستان.

# کەرکووکییەک، لە رۆژئاوا بە خوێنی خۆی گوڵ دەڕوێنی

هاوارت کرد،
سنوورەکان، درەوینن،
درووستکردەی رق و قینن،
لە پەیڕەو و پرۆگرامی، بیری تۆدا،
یەکپارچە بوون،
راست و چەپ و
خوواروو ژووروویی
خاکی کوردان،
بڕیارت دا، سوێن و بەڵێن،
تێبکۆشیت لە پێناوی یەککردنەوەی،

بە بێووچان،

دەریای دڵت،

لە کەرکووکی باشووریدا،

پڕ کرد لە خوێن،

نە خەندەقی کورد فرۆشان،

نە شمشێری،

بە خوێن سووری،

خوێنمژانی سەدەی بەردین،

نەوەکانی (عدنان، قحطان)،

لە پشت پەردەی ئاین و دین،

دیواری سیمی دڕکاوی،

سنوورەکان،

بازگەی چەقەڵ، ڕێوی و گورگان،

پێیان کرا،

کە ڕاتگرن،

لە ڕۆژ ئاوا،

کە ئاو بدەیت بە خوێنی گەش،

خاکی تینووی،

چرۆ بکەن، تا بێنە بوون،

گوڵاڵەکان،

لە سینەیدەن بە شانازی،

عاشقانی هەزار ساڵەی،

خاکی کوردان،

کاتێک خوێنت ڕژایە خاک،

تۆ سەلماندت،

یەک جەستەنە، گەلی کوردان،

یەک پارچەیە، کە کوردستان.

# لە یادی زێدی من شۆرجە

کە خەم وەکو بەفری زستان،
دادەباری بە سەرمداو
پشتمی وەکو نەرمە چڵێک دادەنووشتان،
رووم دەکردە گردەکانی سەر سینەت و
هەر لەوێوە، سەر تاکوو پێتم دەڕوانی،
ئای کە پڕ بوو لە پێکەنین،
شادی، جوانی،
هەر لەوێوە دەمڕوانییە،
نووقم بوونی تۆپی هەتاو،
لە پشت گرێ ئاگرەکەی،
باوەگوورگووڕدا،
دەتگووت کەوا (معشوق)ێکە
بە دیتنی (عاشق)ەکەی لە باوەشی،

گەرم و نەرمی بە ئارامی،

دوور لە چاوی ئێرەیی بەر،

رادەکشا، بە تەنهایی،

ئای کە شادی پێدەبەخشیم،

هەڵکشانی،

لە تۆی لووتکەی باوەشتەوە،

هەموو رۆژێک،

هەتاوی سەر لە بەیانی،

لە باوەشت بوونی نەبوو،

شەوی تاریک،

گڕی ئاگرەکەی دەروونت،

شەوی دەکرد بە رۆژێکی،

نیوەڕوانی،

رادەوێستام کە جارووبار،

لەسەر لووتکەی (میل) تەپەکەت،

کە دەمڕوانی بەلای ڕاستدا،
بەهەشتی خوا دەبوو پەیدا،
باخەکەی شێخ عبداللە بوو،
دەیان جۆرە داروو درەخت،
بە ژێریاندا تێدەپەڕی،
ڕووبارچەیەک،
ئاوی کانی،
هەر دەتگووت ئەو بەهەشتەیە،
باسکراوە،
لە کتێبانی ئاسمانی،
وەردەچەرخام کە بەرەو خوار،
لە دوورەوە دەهاتە چاو،
ناسکە باریکە جۆگایەک،
لە کەناری ڕیزە دارێک،
ئاوی ڕەنگە زێڕینەکەی،

تێدەپەڕی و هەڵدەقووڵا،
لە ئاوی کارێزەکانی،
لەسەردەمی داگیرکردن،
درووستکراو،
بە دەستی سوپای (عثمان)ی،
بارەگا بوو ئەو دارانە،
بۆ لاوانی پەروەردەی تۆ،
بە تایبەت بۆ قوتابیانی،

لەم چرکەدا فرمێسکی چاو،
بۆ بە بەربەست،
ڕێگە نادات، کە دەربڕم،
بە گوێرەی دڵ،
باسی جادەو کۆڵانەکان،
بۆنی نەمی دوای بارانی،

خانووە خشت و قووڕەاکانی،

کەمێک، دوورتر بەلای راستدا،
گووڕستانت،
تێیدا ئارام راکشابوون،
رۆڵەکانت،
من بە چاوم نەمدەبینی،
بە بێگوومان، کە بەهەشت بوو،
خەڵکەکانت پاکترین بوون،
پاکەکانیش کە بەهەشتین،
بە گوێرەی (أمر)ی یەزدانی،

زۆر وڵاتی جیهان گەڕام،
دڵ نەسرەوتا،
لە خەمی دووری شۆرجەیە،

نەسرەوتانی،

پێم بەسەر فەرشی،
کەشمیرو کاشان و چیندا خشان،
لە ئارەزووی خلیسکان و قووڕەشێلەی،
زستانانی شۆرجەکەمە،
ئاە و ناڵەم،
دڵیشم ترپەو لێدانی،

لە جوانترین مەلەوانگەی فیرۆزەیی،
کەوتمە مەلە،
بە حەسرەتی مەلەوانیم،
لە نێو ئاوی،
بە جێماوی،
گۆمی نێو (معدن)ەکانی،

ئارەزوومە، هاوڕێیانم،
جارێکیتر تاکوو زیندووم،
لە بای پاکی هەڵبمژم،
ساتێکیش ببمە مێوانی،
گەر ڕێکنەکەوت، (وصیت)مە،
ئەگەر مردم لە تاراوگە،
بمبەنەوە بۆ باوەشی و
تەرمەکەم لە خاک بنێژن،
شان بە شانی ڕۆڵەکانی،
بڵێن سوپاس، خوداوەندا،
کە دەرئەنجام،
گەیشت یوسف،
بە ئارەزو و ویستەکانی.

# شۆرجە پاش ٤٥ ساڵ

پاش چل و پێنج ساڵ گەڕانەوەم بۆ شۆرجە، بۆ ماوەی نیو کاژێر، ئەم هەستەم لە مێشکدا هاتە بوون.

جوان بوویت کاتێک بە جێمهێشتی،
چل و پێنج ساڵ بەر لە ئەمڕۆ،
جیهان گۆڕا، شێوەی شیوا،
بەڵام هێشتا،
وەکو جاران،
هەر جوانی تۆ.
*****
کاتێک بینیم وا هەستم کرد،

ساڵانێکە نەیبینیوە،
دڵۆپەیەک، ئاوی باران،
ئەو تینوەتی شکاو منیش،
تەمی خەمی،
چەندین ساڵەم ڕەوایەوە،
هێندەم فرمێسک،
تێیدا ڕژان.

# من کێم

ـ له ژیانمدا ، به سەرهات ، رووداو ، **هەڵوێست** ، خەم ، ئازار ، **بڕوانامه** ، گەلێك زۆرن كه شانازییان پێوه بکەم بەڵام ، شانازییەك كه ئەو شانازییانه شانازی پێوه دەکەن ئەوەیه کە ، له داییك بووی گەڕەکی **شۆرجەی** كەركووكی باشووری كوردستانم .

قۆناخەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم له شاری کەرکووك تێپەڕاند . بکالۆریوس و چەندین ماستەرو دکتۆرام له زانکۆی تاران و زانکۆی لەندەنی بەریتانیا به دەست هێناوه .

خوێندنەوه و نووسین له سەرەتای ژیانمەوه ویست و ئارەزووی سەرەکیم بووه ، هەروەها هەوڵدان و خوێندن له پێناوی به دەست هێنانی بڕوا نامەی بەرزداو لەو بابەتانەدا که له منداڵییەوه نەخشەم بۆ دانابوون و سوپاس بۆ خودا ئەوپەری سەرکەوتنم به دەست هێناوەو لەو بووارەدا ئارەزووەکانم هاتوونەته دی .

شایانە بڵێم کەهەمیشە ئامۆژگاری سەرەکیم بۆ ئەندامانی نەتەوەکەم بە تایبەتی لاوان ئەوە بووە کە بە پێی توانی هەوڵی ئەوە بدەن ریگای خوێندن بگرنە بەر چونکە ئاکامەکەی بە بەرژەوەندی خۆیان و نەتەوەکەیان کۆتایی دیت و بە کەڵکترین دەرمانیشە بۆ چارەسەر کردنی ئێش و ئازاری نەتەوەکەمان .

ـ وەك لە تەمەنێکی زۆر زووی منداڵیدا ،کەوتمە مەلەوانی لە دەریای سیاسەتدا ، هەر بەو شێوەیەش هاوڕێتیم لە گەڵ نووسیندا پەیدا کرد . بێگومان بارو دۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەو سەردەمە هاندەری سەرەکی بوون . بۆ تێکەڵ بوونم لە گەڵ سیاسەتدا کەم بوونی خویندەواران بوو لە نێو گەورەکانی گەڕەکەکەماندا بۆ خوێندنەوەی ئەو بڵاوکراوانەی کە لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە دەنووسران و لە دووایشدا ئەوانەی کە لە لایەن شۆرشەوە دەردەچوون کە تا بڵێی کەم و کوورت و ناوەڕۆك لاوازیش بوون .

چی سیاسەت سوودی پێگەیاندبێتم (کە هەرگیز) و چی زیان (هەمیشە)، تاکو ماوم سوپاسمەندی دوو مامۆستای تێکۆشەرو شەهید، مامۆستا (حسیب محمد **بگ** و مامۆستا عمر شریف **زەنگەنەم**، کە ئەو دوو کورد پەروەرە بوون، ریگای پاکی کوردایەتیان پیشاندام و تاوەکو ئەمرۆ لە سەری ماووم تا مردنیش هەر دەمێنم.

لەبارەی نووسینەوە، وەك ئاماژەم بۆ کرد، کەم بوونی

بڵاوکراوەی حزبی و تینوو بوونی خەڵك بۆ زانینی هەواڵ بوو کە هانیاندام بۆ ئەوەی بە نێوی شۆرشەوە بنووسم و بخوینمەوەو سوپاس و دوعاش بۆ شۆڕش و لێپرسراوە لە چاڵی دوواکەوتندا چەقیوەکانی بێت.

کتێبی پەنجا لاپەڕەیی ـ***گەشت بۆ نومرە هەشت*** ـ کە

بەسەرهاتێکی زۆر سەیرو سەمەرو دڵسووتێنەری هەیە و دەبێت لە پێشەکی چاپە نوییەکدا بخوێنرێتەوە۔ یەکەمین

نووسراوومە کە بە شێوەی کتێب بڵاوکرایەوە لە سەردەمێکدا کە قوتابی ساڵی یەکەمی ئامادەیی بووم .

لەگەڵ ئەوەدا کە هەرگیز نە سوسیالیست بووم بە مانای (چەپی) و نە هەرگیز کۆمۆنیست و نە ئایدیۆلۆژییەکەییم بە گونجاو رەچاو دەکرد بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەی کورد ، بەڵام ، ئەوەی منی نەدەناسی ونەیدەزانی نووسەرەکەی لاوێکی دوازدە سیازدە ساڵەیە و کتێبەکەی دەخوێندەوە ، کتووپڕ دەگەیشتە ئەو بۆچوونەی کە نووسەرەکەی مرۆڤێکی بە تەمەنی نووقم بوو و کووڵاوی نێو مەنجەڵی بیروباوەڕی کۆمونیستییەو زۆریش لە نزیکانی خۆم ئەو تاوانەیان پێوە نووساندم و لەوانە باوکی خۆم .[1] لە کاتێکدا چیرۆکەکە باس لە

[1] . بەسەرهاتی تاوانی کۆمونیست بوونم لە لایەن باوکمەوە لە ناوەڕۆکی کتێبی چیرۆکی وازم لێبێنن دڵداری ناکەم دا بە درێژی باسکردووە . دیارە هەر لە ئاکامی ئەوەدابوو کە لە ساڵی 1979 کاك مسعود بارزانی و سەرکردایەتیە کاتییەکەی نامەیەکیان دابوو بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران و تێیدا باسی ئەوەیان کردبوو کە

گەشتێك دەکات کە قوتابخانەی شۆریجەی کچان بۆیان رەخساندین بۆ ناوچەی نومرە 8ی نزیك بە دوبزی شاری کەرکووك بۆ سەیران و دووانە ، لەسەر ئەو دیمەنانەی کە بینیم و تێبینیم کردو ئەو جییاوازییە لە شێوەی ژیانی دانیشتوانی ئەویدا کە زۆربەی هەرە زۆریان بێگانە بوون بە تایبەت ئینگلیز ، لەگەڵ شێوەی ژیانی ئێمەدا کە لە گەڕەکی شۆریجەی هەمان شاردا دادەنیشتین . هەروەها لە کتێبەکەدا باسم لە چەند رووداوی خۆشەویستی و بەسەرهاتی خۆشی منداڵانە کردووە .

چ بەر لە بڵاوبوونەوەی کتێبەکەو چ لە پاش ئەوە ، خەمی نەتەوەکەم و خۆمم ووردە ووردە بە عارەبی و کوردیش دەڕژاندە سەر لاپەڕەی هەندێك لە گۆڤارو روژنامەکانی ئەو سەردەمەدا کە زۆربەشیان لە بغدادی پایتەختی عراق دەردەچوون ، تا گەیشتە شەوی نەورۆزی

---

شۆرشەکەی 1961یان شۆرشێکی ئیسلامی بووەو لە سەرەتاوە یوسف زەنگەنەو هاوبیرانی کردوویانە بە کۆمونیستی . باشبوو گەورە پییاوی دەسەڵاتداری ئێران ، مەسعود و خێزان و سەرکردایەتییەکەی لە خۆی چاکتر دەناسی و زانیشی لەوکاتەدا من تەمەنم چەند بووە .

ساڵی 1968 کە لە لایەن ئەو باڵەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کە خۆیان فڕێدابووە باوەشی حکومەتی عراقەوەو رابەرەکەشیان ببوو بە پێشمەرگەی عبدالرحمن عارفی سەرەك کۆماری ئەو وەختەو لەپاشانیشدا حکومەتی بعس ، لە سەر نووسین و جموجۆلەکانم دژ بە دووبەرەکی و کورد فرۆشی بڕیاری لە نێوبردن و کوشتنمیان دەرهێناو بە برینداربیەکی قورس وترسناك کۆتایی هات کە تا ئێستاش لە لایەن فیزیکییەوە پێیەوە دەناڵێنم و لە لایەن معنوی و رەوانیشەوە گەورەترین و بەرزترین پاداش و پلەیەکە کە بە دەستم هێناوەو پێیگەیشتووم. کوردفرۆشان بەو ئاواتەوە بەو کارە هەستان کە دەنگی راستی کپ بکەن و چرای مەشخەڵی هەڵکراوە بکوژیننەوە کە بتوانن لە تاریکیدا وەکو ئەهریمەن بکەونە مروڤ کووژی و بردن و تالان ، بەڵام هەوڵ و ئاواتەکەیان نەهاتە دی و بە فیرۆدا چوو ، ئەگەرچی ئەو گوللانەی کە بە گییانە بێتاوانەکەی منیانەوە نا ، تینوویەتیانی نەشکاند و چەندین هەوڵی دیکەیان دا کە دەرمان خوواردم بکەن لە کاتێکدا بە

بارێك کۆت و زنجیریش بەسترابوومەوە بە چارپایەکەمەوە لە نەخۆشخانەی کۆماری کەرکووکدا ، کە ئەو تەقەڵلایانەشیان هەر بێسوود بوو و ئەوە نەبێت رووی رەشیانی رەشتر کردو چاوویانی لە بەرامبەر کورددا شۆڕتر .

ئەو رووداوە دڵتەزێنە نە هەر تاکە هەنگاوێکیش بەرەو پاشەوەی نەکشاندم ، بەڵکوو هاندەرێك بوو بۆ ئەوەی هەتا هەتایە رێرەوی ئەو رێگایە بم کە گرتبووم و گرتوومەتە بەرو سوور تر بم لە تێکۆشانی بێووچان دژ بە کوردفروشان و ئەوانەی کە بە خوێنی کوردەوە بازرگانی دەکەن ، ئیتر ئەم باڵی شۆڕشە ئاوات لە بار چوو و دزراوەکەمان بێت یا ئەو باڵی .

لە ژیاندا تووشی تەنگەچەڵەمەو ئێش و ئازارو ئاوارەیی و دەربەدەری برینداری و خەم و پەژارەو ئەشکەنجەو زیندانی زۆر بووم ، بەڵام ، بە شانازییەوە دەڵێم کە هیچ یەك لەو بەسەرهاتانە نەیانتوانی چۆکم بنووشتێننەوەو لە شەڕی سیاسی نێواندا لەگەڵ لایەنە

کورد فرۆشەکاندا هەمیشە من سەرکەوتووی سەربەرز بووم ، چونکە ئەو بیرو باوەڕی کوردایەتییەی کە خۆم پێ چەکدار کردووە ، گەلێك لەو لایەن و بیروباوەڕە پووچەڵانە بەهێزترە کە بەربەرەکانی دەکەن و هەوڵی لە نێوبردنی دەدەن. بۆیە، وەك دەبینرێت و ئاشکرایە رابەرانی داگیرکەری ئەمڕۆی گۆڕەپانی کوردستان ، هیچ بایەخێکیان نەماوەو تەنیا بە زۆری هێزی چەك و چەکدارە بە پارە راگیراوەکانیانە کە توانیویانە لە گۆڕەپانەکەدا، بمێننەوەو بێگوومانم کە ئەم بارودۆخەش کوورت خایەنەو لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا دەیان بینین ئەوانیش وەکو هەندێ لە رابەرانی عارەبی هەڵهاتوو ، کوونە مشکیان لێدەبێت بە قەیسەری وولات بە وولات و شار بە شار بە شوێن پەناگایەکدا دەگەڕین کە خۆیانی تێدا بشارنەوە تا لە تۆڵەی ئەو تاوانانەی کە دژ بە نەتەوەی کورد ئەنجامیان داوە ، رزگاریان ببێت ، کە ئەم خەیاڵەشیان هەر خاوەو هێزی رەش و رووتان و هەژاران و کۆرپەی شەهیدان و بە جێماوی ئەنفالکراوان و بە گازی کیمیاوی خنکێنراوان ، ئەو هەولانەیان پووچەڵ

دەکەن و ڕێگەی هەڵهاتنیان لێدەبەستن و لەقەفەسی تاواندا ڕایان دەگرن و دەیانگەیینن بە سزای خۆیان .

# چاپکراوەکانم

١. چوارینەکانی یوسف صدیق زەنگەنە. بەشی یەکەم. ساڵی ١٩٧٠.
٢. چوارینەکانی یوسف صدیق زەنگەنە، بەشی دووهەم. ساڵی ١٩٧٣.
٣. بازاڕی شۆڕیجە. چیرۆک و رووداو. ١٩٧٣.
٤. دهۆک و سەربەستی ئافرەت لە پەنجەرەی ئوتێل کوردستانەوە. ١٩٧٣.
٥. پەپوولەی باڵ شکاو. هەڵبەست و پەخشان، کۆتایی ١٩٧٥.
٦. سکاڵای کوردێکی دڵسۆز. شعر، ١٩٧٦.
٧. کۆترەکەم و شۆڕشی کوردستان، ١٩٧٦.
٨. وازم لێبێنن دڵداری ناکەم. چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە، ١٩٧٦.
٩. رەشەبای رقی پێشمەرگەیەکی سەرشێت. چاپی یەکەم، ١٩٨٥ لەندەن.
١٠. هەمان کتێب. ساڵی ١٩٨٦.
١١. ئیملا. وەرگێڕاو، لە فارسییەوە، ١٩٨٧. نووسینی.گوهر مراد. (غلامحسین ساعدی).
١٢. سۆتۆ و تەتۆ. وەرگێڕاو، ١٩٨٨.
١٣. نەسرین. ساڵی ٢٠٠٠.

١٤. نەسرین. تابلۆیەکی خوێناوی لە کوردستانەوە، چاپی دووهەم بە دەستکارییەوە، لەندەن، ٢٠١١، چاپی سێهەم، دیسانەوە لە لەندەن، ٢٠١٣ و چاپی، چووارەم، کوردستان ساڵی ٢٠١٦

١٥. بنچینە سەرەتاییەکانی شەڕی پێشمەرگایەتی. لە ساڵی ١٩٧٤ لە گەرمەی شەڕدا بڵاوکرایەوەو بە شێوەیەکی فراوان بەسەر پێشمەرگە پاڵەوانەکانی ئەو سەردەمەدا دابەشکرا.

١٦. کیژە کوردە بەرلینییەکە. هەڵبەست، ٢٠١١

١٧. بێچووە چۆلەکەو رابەرانی کورد. هەڵبەستی سیاسی، ساڵی، ٢٠١١.

١٨. ژن سەرچاوەی شعرە. شعری رۆمانسی، ساڵی، ٢٠١١.

١٩. کوردستان سەرزەمینێکی جادوو لێکراو. شعری سیاسی، ٢٠١٤

٢٠. کیژێک نێوی پێنج خاڵە. شعری رۆمانسی، ساڵی ٢٠١٤.

٢١. ماچی پاش مردن. شعر. کوردستان، ٢٠١٦

٢٢. فرمێسکەکانی شەوبۆ. کوردستان، ٢٠١٦

٢٣. قەنارییەکان باس لە جوانی تۆ دەکەن. شعر. کوردستان. ٢٠١٦

٢٤. کچانی چیای قەندیل و کۆبانی. شعری سیاسی، کوردستان ٢٠١٦.

٢٥. پەرەسێلکەکانی چیای پێڕس. چاپی دووهەمی (بانگی ئاشبەتاڵ)، شعری سیاسی. لەندەن- ٢٠٢١-

٢٦. ماچێک کە هەرگیز نەگەیشت. شعری رۆمانسی. لەندەن، ٢٠٢١

٢٧. پەپوولەی باڵ شکاو، شعری رۆمانسی. چاپی دووهەم، لەندەن، ٢٠٢١

٢٨. وڵاتی شارە زەردەواڵەکان، چەند رووداوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، دڵتەزێن، لەندەن-٢٠٢١- ئەم کتێبەی بەر دەستتانە.

لەگەڵ ئەوانەدا کە نێوبران، بە دەیان کوورتە چیرۆک و چیرۆکی شانۆگەری و شعرو پەخشانی ئەدەبی و نووسینی سیاسی و کۆمەڵایەتیم بە زمانەکانی کوردی، عارەبی و فارسی لە گۆڤارو رۆژنامەو مانگنامەو وەرزنامەی جۆراوجۆردا، بڵاوکردووەتەوە، کە ئەگەر تەمەن یارمەتیدەر بێت لە چەند بەشێکدا دووبارە بڵاویان دەکەمەوە.

جگە لەوانەی کە باسکران، بە دەیان کۆڕو سمینارو وانەی تەلەفزیۆنیشم ئەنجامداوەو ئەوانەش بە یاری خودا بەم زووانە دەخرێنە سەر کاغەز.

# چاپنەکراوەکانم

١. لە روانگەی پێشمەرگەیەکی سەرشێتەوە. هەڵبەستی سیاسی.
٢. لە پێناوی مێردەکەیدا. بەسەرهاتی ژنە کوردێکە لە دوو بەشدا. بەشی یەکەم: لە پێناوی مێردەکەیدا و بەشی دووهەم: لە پێناوی کوڕەکەیدا.
٣. مانیفیستۆی بیری کوردایەتی: پەیرەو و پرۆگرامی بیری کوردایەتییە.
٤. هیچ: کورتە چیرۆک بۆ شانۆ.
٥. خەلیلە شێت: شێتێک کە وتەکانی هۆشیارانی سەرسام دەکرد.
٦. ماچێک کە هەرگیز نەگەیشت. شعری رۆمانسی. (چاپکرا) لەندەن، ٢٠٢١
٧. تەنەکەی زبڵی خودا. چیرۆک و بەسەرهات.
٨. هەزار کیلومەتر خوێن. بەسەرهاتی کوردانی ئەنفالکراوە.
٩. شەوێک کە من و ئاسمان گریاین. چەند کوورتە چیرۆک. وەرگێڕاو لە فارسییەوە.
١٠. یەکەمین راپەڕینی کورد بەر لە ٤٠٠٠ ساڵ، چۆن فرۆشرا.
١١. مەکری پیاوانی کورد. چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە.
١٢. مامۆستای دێیەکەمان. چیرۆکێکی شانۆگەرییە، لەساڵی

١٩٧١ لە چەند دانەیەکدا چاپکراو بڵاوکرایەوە. شایانە بگووترێت بڕێک لە لاوانی هونەرمەندی کوردی دڵسۆزو چاونەترس و بوێر، لە گەڕەکی شۆرجە لەسەر شانۆ نواندیان.

١٣. زەردەشت و بنچینە سەرەتاییەکانی ئاینەکەی.

١٤. زەردەشت تاوانبارکراوێکی بێتاوان. لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر ئەو تاوانانەی نایارانی چەسپاندوویانە بە ئاینەکەیەوە.

١٥. بەڵێ زەردەشت کورد بوو.

١٦. کاریگەری زەردەشت لەسەر جوولەکەو ئیسلام. هەروەها لەسەر سوقرات و ئەفلاتوون و بڕێکی دیکە لە فەیلەسوفە رۆژئاواییەکان.

١٧. گەشت بۆ نمرە هەشت. چاپی دووهەم.

١٨. ئابووری سیاسی. سەرەتایەک بۆ لاوان.

١٩. پێشەکییەک بۆ سیاسەت.

٢٠. مام إحسان و مەلا مستەفا بارزانی. باس لە یەکەمین چاوپێکەوتنی خوا لێیانخۆشبێت، ژنرال إحسان نوری پاشا، سەرۆکی شۆڕشی ئاراراتی باکووری کوردستان و مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ی باشووری کوردستان دەکات کە لە ساڵی ١٩٧٣ لە ژوورەکەی مندا روویدا و کورتەیەک لە گووتووبێژەکانیان. هەروەها بردنی مام إحسان بۆ

ماڵی بارزانی لە (عظیمیة)ی (کرج)ی لە ئێران، پاش ٣ ساڵ لە یەکەمین چاوپێکەوتنەوە. هەروەها بۆچی، شێخ مسعود بارزانی، لەسەر ئەو کارەم چەندین گرفتی بۆ درووست کردم. کوورتەیەکی لە رۆژنامەو تەلەفزیۆنەکاندا باسکراوە. بەم زوانە بە شێوەی کتێب، بڵاوی دەکەمەوە.

٢١. لە رۆژمێری شەیتانی ئەمدیوی ئاوێنەکەوە. باس لە ئێرەیی نێوان خێزانەکان دەکات.

٢٢. پشکنەر کۆڵۆمبۆ لە کوردستان. چیرۆکێکی شانۆگەرییە باس لە چۆنییەتی پەیداکردنی ئەو کەسە دەکات کە پیلانی دەرهێنانی تەرمەکەی بارزانی لە گۆردا، دارِژاند، لە لایەن پشکنەر کۆڵۆمبۆوە، کە لە ئەمریکاوە بۆ ئەو مەبەستە بانگهێشت کرابوو.

٢٣. نامێلکەی ماستەرو دکتۆراکانم کە بە زمانی ئینگلیزین و وەردەگێڕدرین بۆ کوردی و عارەبی، بە یاری خودا.

٢٤. بیرەورییەکانم لە چەند بەشێکدا لەوانە:

٢٥. أ- بۆنی شیرو سیاسەت. ژیانم بەر لە ساڵی ١٩٦٨.

٢٦ **ب**- ١٩٦٨ دووبەرەکییە پشت شکێنەرەکەی ١٩٦٤ چی بوو، چۆن روویدا؟ دەستپێک و ئاکام.

٢٧. **پ**- پاراستنەکەی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ یا

رووخێنەرەکەی؟ بەڵێ، من پێشمەرگە لاوەکانم فێری یاخی بوون کرد و ئاکام.

٢٨ ج- دوای کووشتنم. ژیانم لە دوای ١٩٦٨ وە تا ١٩٧٥.

٢٩. چ- هەرەسەکەی ساڵی ١٩٧٥. ژیانم لە تاراوگە، لە ئێران و سوریاو ئەوروپا. بە درێژی باس لە یەکەمین کۆمەڵەی سیاسی دەکەم کە من دامەزرێنەرەکەی بووم پاش هەرەسەکە، بە بەڵگەوە و چۆن هەرەسهێنەران، هەرەسیان بەو کۆمەڵەیەش هێنا.

چۆن بیری گۆڕانم لە سیستەمی سیاسی کوردستاندا هێنایە بوون و شەمی دەستپێکردنیم هەڵکرد لە تەلەفزیۆنی میدیادا، بەرنامەی (رۆژباش کوردستان) لە بەرواری ١/١١/٢٠٠٠.

٣٠. **د- شۆڕشێک کە ئاواتەکانی لە بارچوون.**

٣١. **هۆرەکانی شەکسپیر**. ئینگلیزی و کوردییە. ئایا شەکسپیر ئەو بلیمەتەیە کە باسی لێدەکەن؟

٣٢. **شارەکەم کەرکووک**. لێکۆڵینەوەیەکی رەوانی خەڵکی ئەو شارەیە لە تاراوگەدا. کوورتەیەکی لە رۆژنامەی بارزاندا کە لە ئەمەریکا دەردەچوو بڵاو بووەتەوە.

٣٣. **تهافت التهافتين**. امام محمد کوڕی محمد کوڕی

محمد کوڕی أحمد أبو حامدی الغزالی، لە ساڵی ١٠٥٩ی زایینی لە شاری تووسی خۆرهەڵسانی ئێران، هاتووەتە جیهانەوەو لە ١١١٤ کۆچی دوایی کرد. لە نێوانی ساڵانی ١٠٩١ تا ١٠٩٥ کتێبی (تهافت الفلاسفة- رووخانی بۆچوونی فەیلەسووفەکان)ی نووسی و زۆر لە بیرووباوەڕی فەیلەسووفەکانی یۆنان و جیهانی بەر لە خۆی پووچەڵ کرد و راماڵکاند. دوای تێپەڕبوونی ٦٧ ساڵ بەسەر لە داییکبوونیدا، لە (قرطبة)ی وڵاتی ئەندەلووسدا، یانی لە ساڵی ١١٢٦ ی زاینی أبی الولید محمد کوڕی أحمد کوڕی محمد ابن رشد القرطبی، هاتە جیهانەوە و لە ساڵی ١١٩٨ دا لە مراکش کۆچی دوایی کرد.

ئەم فەیلەسووفە کتێبێکی نووسی بە نێوی (تهافت التهافت- رووخانی رووخێنەرەکە)، کە مەبەستی، رووخانی کتێبەکەی (الغزالی) بوو، کە ئەویش برێکی زۆر لە بۆچوونەکانی (الغزالی) پۆچەڵ کرد.

بە یاری پەروەردگار، من لە تەواو کردنی دوا بەشەکانی کتێبێکم کە پتر لە ٣٠ ساڵە کاری لەسەر دەکەم بە نێوی، **( تهافت التهافتین- رووخانی هەردوو رووخێنەرەکە)** کە لە رێگەی ئەو کتێبەوە لە گۆڕەپانی پان و پۆڕی فەلسەفەدا،

هەوڵ دەدەم کە پشتی ئەو دوو کەڵە سووارە بکووتم بە زەمینداو زۆر لە بۆچوونەکانیان لە چاڵ بکەم. چاوەڕوانی بن.

٣٤. **خودا لە چاوەکانی منەوە دەتانبینێت.** را و بیروبۆچوونەکانمە لەمەڕ فەلسەفەو گیرووگرفتەکانی. ئەم کتێبە دەبوایە لە ساڵی ١٩٩٢ دا بڵاوببێتەوە، بەڵام بەداخەوە وەک لە رۆژنامەکانی بەریتانیادا بە وێنەوە بڵاوکرایەوە، تەنیا بەرگەکەیم بۆ مایەوەو دزانی سیاسی نێوەڕۆکەکەیی و دەیان نووسراو و سەدان پارچە شعر و چیرۆک و نووسراوی جۆراوجۆری دیکەی بڵاو نەکراوەیان بە پیلانێکی زۆر پەلیدانە، لە ماڵەکەمدا دزی بە کۆمپیوتەرو (فلۆپی دیسک)ەکانیشەوە و تا ئێستاش دزەکان هەر نەدۆزرانەوەو سێ وڵاتی زەبەلەحیش یەکتریان تاوانبار کرد بە ئەنجامدانی ئەو رووداوە دڵتەزێنە.

بەو هۆیەوە لەو کاتەوە بە رۆژ و شەو بە کوون و قووژبنەکانی مێشکمدا لە گەڕاندام بۆ پەیداکردنی بابەتەکانی ناوەڕۆکەکەی و لە خوا بە زیاد بێت وردە وردە خەریکم دیوارەکانی بەرزدەکەمەوەو بە کوێری چاووی دوژمنانی زانست و زانیاری راست و پاک و رەسەن، بە ماوەیەکی کەمی دیکە سەربانەکەشی دادەپۆشم .

لەو کتێبەدا دەگەنە ئاکامی ئەو پرسیارانەی کە ساڵیانێکە لە مێشکتاندا هاتووەتە بوون وەکو:

بۆ لە داییکبووین؟ مەبەست لەم هاتن و چوونە بە پەلەیە چییە؟ بەهەشت و دۆزەخ چین و لە کوێدان؟ جیهانی مادی و ئەم کەونە چییەو بەرەو کوێ دەڕوات؟ خودا ئێمەی درووستکردووە یا ئەو درووستکراوی بیری ئێمەیە؟ ئاینەکان، زەمینین یا ئاسمانی و مەبەست لە درووستبوونیان چییە؟ ئایا پێغەمبەرەکان، خودا هەڵیبژاردوون یا ژیری بیری خۆیان هێناویانیەتە بوون؟ فەیلەسووفەکانی جیهانی رۆژئاوا، ئەگەر لە سەرزەمینی پێغەمبەراندا لە رۆژهەڵاتی جیهان بە تایبەت روژهەڵاتی نێوەراست، بهاتابانە جیهانەوە، هەر پێیان دەگووترا فەیلەسووف یا دەگووترا پێغەمبەر، بە پێچەوانەشەوە؟ ئایا خودا گیاندارانی بە مرۆڤ و ئاژەڵ و درەختەوە درووست کردووە، یا لە تۆزوخۆڵی تەقینەوە گەورەکە هاتوونەتە بوون؟ ئەو کوونە رەشانەی کە جاروبار، بەرچاووی تەلەسکۆپە زەبەلەحەکان دەکەون، چین؟ ئایا پاشماوەی ئەستێرە سووتاوەکانن وەک زانایان بۆی دەچن یا شتێکی دیکە؟

خودا یار بێت، پێش، یا، پاش مردنم دەکەوێتە بەرچاووتان.

# رێگەی کوردایەتی

رێگەیەکە، درێژ خایەن و پڕ لە مەترسی، زیندان و شکەنجەو برین و برسییەتی و تینویەتی و بێبەرگی و دەربەدەری و ئاوارەیی و لۆمە و تانەو تیشە و لێدان و هەڵواسین و گوللەباران، ئاسانترین ئەو بەسەرهاتانەن کە تووشی ڕێرەوانی دەبن، بێگومان لە لایەن ڕێبرانی نێو خۆ و دەرەوییەوە .

–

تەنها رێگەیەکە، کە کورد بەرەو ئازادی دەبات و کوردستانیش بەرەو رزگاری .

–

رێگەیەکی، بەرفراوانتر لە رێگەی تەنگی پارتایەتییە، ڕێرەوانی لە روانگەیەکی بەرفراوانترو دووربینترو تیژبینترەوە دەڕواننە ئەندامانی نەتەوەکەمان، هەموو کوردێك هاوڕی و هاوبیرو یەکسان لەقەڵەم دەدەن و بە یەك چاوو تەماشایان دەکەن و لە پێناوی بەرژەوەندییەکانیاندا خەبات دەکەن، بە

تەواوی بە پێچەوانەی پارتایەتییەوە کە هەر پارتێك تەنها تێدەکۆشێت لە پێناوی کەسانێکدا کە ئەندامی خودی پارتەکەن .

# بیروباوەڕی کوردایەتی

تەنیا بیروباوەڕێکە کە کوردی هەموو گۆشەو قوژبنێکی کوردستان بە ئەندامی یەک خێزان و یەک خانەوادە دەژمێریت و بیری یەکتر خۆشویستن لە مێشکیاندا دەڕوێنێت .

بیروباوەڕێکە کە لە مێشکی کوردپەرستانەوە دەردەکەویت و دەچێتە مێشکی کوردپەرستانەوەو بە نان و دۆ و چێشتی ساوەری کورد و خوێنی کورد ، پەروەردە دەبێت و بە دەست و بازووی کوردیش ئارمانی لە چاووگیراو کە دامەزراندنی وڵاتی کوردستانی سەربەخۆیە ، بە دەست دەهێنێت .

ئەگەر تۆی کورد باوەڕت بەو خاڵانەی سەرەوە هەیە و لەو باوەڕەشدای کە داگیرکەرانی کوردستان ، رزگارکەری نین ، ئەوە جێگای ئومیدی و ئەگەر ، نا ، دەست لە خۆت بشۆرەوە .

# پاشکۆکان

## -١-

## پارتە، پەڕۆ پەرستەکان

(بۆ هەموو کوردێکی دڵسۆز بە تایبەت کەرکووکیان)

تکایە چەند خوولەکێک لە کاتی خۆتان تەرخان بکەن بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە، کە ووڵامێکە بۆ رەخنەیەک لە کوردێکی بەڕێزەوە لە سەر نووسینەکەی من (لەشەڕە پەڕۆوە بۆشەڕە بەڵگە)، کە لە لاپەڕەکەمدا لە فەیسبووک بڵاوکرایەوە. بەشی یەکەمی رەخنەکەی کاک هەڤاڵەو بەشی دووهەمی وڵامەکەی من. زۆر سوپاس.

### بەشی یەکەم:

(بە ڕێز کاك دکتۆر . ئایا بە ڕێزتان پێتان وایە هە موو خە ڵکی کورد بە گشتی و کە رکوکی یە کان بە تایبە تی ڕاست و چە پی خۆیان لێگوڕابێت و دڵسۆز و نادڵسۆز لە یە ك جیا نە کە نە وە ، وە ئایا میللە تێکی وە کو کورد کە بە شی هە ر داپڵۆسین و کوشتن و بڕین بووە بتوانێ بە بێ پارت و لایە نی سیاسی خۆی ڕێکبخات و بتوانێ ئامانجە کانی بە دی بهێنێ ؟!!!! قسە و باسە کە لێرە دا ئە بێ بە تە نها پە نجە بۆ لایە نی کە متە رخە م و بە ربە ست دروستکە ر هە ر لە سە رە تاکانە وە درێژ بکرێت و ناکرێ و ڕاست نی یە تە ڕو وشك پێکە وە بسووتێنرێ ، بە ڕێزتان زۆر شارە زاو بە

تواناترن و باشتر تێ ئه گه ن له ئێمه و مانان له و لایه نانه وه . هه ق وایه به ڕێزتان وه کو که رکوکی یه ك وه کو خۆشتان فه رمووتانه به و شێوه یه وره تان نه ڕوخێت و هه وڵی ته واو بده ن بۆ ڕاستکردنه وه ی هه ڵه کان که به دڵنیایی یه وه له لایه ن هه مووانه وه هه ن و کراون ، ڕاستر و باشتر وایه به کردار بچنه پێشه وه و مافی ئه وه به خۆتان بده ن که وه ك که رکووکی یه ك له چاره نووسی شاره که تان و ته واوی کوردستان به شدار بن ، ته نها ره خنه و نووسین ناچی به گوێ ی کاسی هه ندێ یا زۆری به رپرسانماندا .. له گه ڵ ڕیزو خۆشه ویستیم دا بۆ به ڕێزتان.)

# بەشی دووهەم:

بەڕێز کاک هەڤاڵی خۆشەویست.

من زۆر سوپاست دەکەم بۆ پێداچوونەوەت بە نووسینەکەمدا. هەڵبەتە گلەیت لێناکەم ئەگەر لە لابەلاوە، نەرم نەرم دەستی خۆت وەشاندبێت، چونکە بە پشتیوانی لە یەکێک لە لایەنەکانەوە رەخنەکەت ئاراستە دەکەیت، کە ئەویش یەکێتی نیشتمانییە. بێگوومان مافی خۆتە و منیش ئەگەر خوا نەکەران، لایەنگیر یا ئەندامی سوێندخواردووی یەکێک لە پارتەکان بووایەم، رەنگە هەمان کاری بەڕێزتانم بکردبایەو بە یەک چاو تەماشای راست و هەڵەی پارتەکەی خۆم بکردبایەو هەستی نەتەویی خۆم بکردبایە بە قوربانی بەرژەوەندی پارتەکەم، بەڵام پێم خۆشە کە بڵێم، هەرگیز نە وادەبم و نە وابووم. تا ١٩٧٣/٩/١٩

ئەندامی پارتی دیمۆکراتی کورستان بووم و لەو رۆژەدا واز لێهێنانی خۆم پێشکەش بە مەکتەبی سیاسی کرد کە لەو سەردەمەدا لەو نزیکانەدا بووم لە دەڤەری باڵەکایەتی، لە بەر ئەوەی بە چاوی خۆم بینیم جارێکی دیکە، رەشمەی شۆرشەکەیان دا بە دەستی ئێرانەوەو کە لە رۆژی مووچە وەرگرتندا تومەنی ئێرانییان پێدائین، ئەم هەڵوێستەشم تەنها لەبەر ئەوەیە، کە، ئەو بیروباوەڕەی لە منداڵییەوە ئاخێنراوەتە مێشکمەوە، بیروباوەڕی پاکی کوردایەتی بووە، بیروباوەڕی کوردایەتیش واتە تەماشاکردنی هەموو کوردێک بە یەک چاو و یەک رێزەوە بە بێ گوێدان یا لە چاو گرتنی ئەو بیروباوەڕانەی کە لە مێشکیاندایەو ئەو پارت و رێکخراوانەی کە تێیاندا وەکو ئەندام یا لایەنگیر نێونووسیان کردووە بە بێ مووچە یا بە مووچەوە وەکو برێکی زۆری ئەمانەی ئەم سەردەمە.

من وەکو یوسفی زەنگەنە ئەگەر خەڵکی کەرکووکیش نەبوایەم، هەمان هەڵوێستم دەبوو لەسەر کەرکووک کە ئێستا هەمە، کە رەخنە نیە وەک بەرێزتان بە هەڵە بووی چووی، بەڵکو ئامۆژگاری و رێگەی راستی پیشاندانە و ئەگەریش ئەوەی بەسەر شاری کەرکووکی زیدی من دێت بەسەر هەر شارێکی دیکەی کوردستاندا بهاتبایە، هەمان هەڵوێستم دەبوو بە بێ هیچ زیاد و کەمێک چونکە بیروباوەڕەکەی من سەرتاسەری کوردستانی بە ماڵی خۆمی پێناساندووم و هەموو کوردێکیشی بە ئەندامانی خێزانەکەی خۆم و شیر حەرامییە ئەگەر مرۆڤێک بە چاوێکی جیاوازەوە بڕوانێتە ئەندامانی خێزانەکەی خۆی.

ئەوجا فەرموو لە گەڵ وولامی رەخنەکانتدا.

1 . ئەگەر لە نێو کوردانی باشووردا خەڵکانێ هەبن لە هەمووان زۆرتر دەست و چەپی راستی خۆیان بناسن، کوردی کەرکووکن، بەڵام بەداخەوە دەستی راستیان لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و دەستی چەپیان لە لایەن یەکێتی نیشتمانیەو بڕاوەتەوەو تا رادەیەک و تا ماوەیەکی کورتی داهاتووش لە کار کەوتوون. بەڵام با ئەو دوو لایەنە دڵنیابن، کە ئەم فریودانەش تەنها بۆ ماوەیەکەو کە میلەت هۆشیار بوەوە، ئیتر هەر بە پەڕو زەردو سەوزەکانی خۆیان شاربەدەریان دەکەن، چونکە دەزانن کە هیچ لایەنێکیان دڵسۆزیان نین و هیچ لایەنێکیان خەمخوواریان نین، بەڵام جارێ چاریان نا چارە وەک خۆمانی کەرکووکی دەیڵێین.

2 . نەخێر راپەڕین بە بێ رێکخەرو رێکخراو نابێت و تا رادەیەکیش پارت (حزب)، بەڵام نە حزبێک کە بە زۆری کلاشنکۆف و دۆلارو پارچە زەمین و دەمانچەی پێشکەشی و لە زۆر جارانیشدا کچانی هاوردە بۆ رابواردن، دەنگیان بۆ بخرێتە صندوقی دەنگدانەوەو بکرێن بە دێوەزمە، بەسەر کوردی کەرکووکدا. راپەڕین و نوێنەرایەتی و بەڕیوەبردنی کەرکووک پێویستی بە رێکخراوێکە کە لە ناوجەرگەی خودی خەڵکی کەرکووکەوە هەڵقوڵا بێت و لە نێو ئێش و ئازارەکانیاندا لە داییک بووبێت. تۆ بڵێیت لە نێو خەڵکی کەرکووکدا دە مرۆڤی خوێندەوارو سیاسەتزان و دڵسۆز و پیاوی تێدا نەبێت کە بتوانن رێکخراوێک یا پارتێکی سەر بەخۆیان بهێننە بوون و

شارەکەی پێ ببەن بەڕێوە؟ لە کاتێکدا بە بۆچوونی من هەر لەو کەرکووکەدا کە بووە بە یاری دەستی پەڕۆ پەرستان، مرۆڤی ئەوتۆی هەیە، کە دەتوانێت، نە هەر کەرکووک بەڵکو کوردستان و عیراقیش زۆر رێک و پێکتر لە ئێستا، ببات بەڕێوە. بەڵام بەداخەوە بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدرێت ئەو رێگەیە لە بەر کەرکووکیاندا ببەسترێت. باشترین نمونە:

ئەم رەخنەو ناڕەزایەتییەی ئەم دواییەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەڕێز دکتور نجم الدین عمر کریم، ئایا لەبەر ئەوەیە کە یەکێیتییە؟ بێگوومان نەخێر، لەبەر ئەوەی یەکەم، کوردێکی پاکی دڵسۆزی خەڵکی کەرکووکەو بە دڵ و گیانەوە بۆ پێشخستنی شارەکەی باوپاپیری خۆی تێدەکۆشێت و دوورە لە دزی و گەندەڵی و رێگەدان بە گەندەڵکاران. هەر سبەینی ئەگەر یەکێیتی کەسێکی دیکە دابنێت و خەڵکی ناوچەیەکی دیکە بێت یا هاوردە بێت یا گەندەڵکار بێت، باوەڕ بفەرموون پارتی بە دە پەنجە مۆری بۆ دەکات. هەر ئەمڕۆ ٢٠١٣/١/٦ لە تەلەفزیۆنێکی کوردییەوە چاووم پێکەوت کە نوێنەری پارتی لە کەرکووک و گەرمیان (د. سیروان ...) دەیفەرموو:

با کاک حەمەی حاجی محمود بکەن بە سەرۆکی لیژنەکە لە جێی د. نجم الدین، ئەوجا بزانن کەس إعتراض ئەکات". ئیتر خۆتان قیاسی بکەن.

هۆیەکی دیکە لەوەی کە پارتی رقیان لە د. نجم الدینە دەگەڕێتەوە بۆ هۆی واز لێهێنانی لە پارتی و چوونە نێو رێزەکانی یەکێتییەوە کە وا

بزانم ئەمەش گوناه نیەو هەر مرۆڤێک ئازادە هەر لایەنێک هەڵبژێرێت و ببێت بە ئەندامی کە بە بۆچوونی خۆی باشتر یا راستتر بێت لەوەی کە لە پێشدا لە گەڵیدا بووە.

3. باس لە لایەنی "کەمتەرخەم" دەکەیت، کە مەبەستت پارتیە، کە لەگەڵتدام، بەڵام ئایا یەکێیتی بە تەرخەمتر و خەمخوارترو دڵسۆزترە بۆ کەرکووکیان؟ ئەگەر دڵسۆزی کەرکووک بوایەن لە یەکەمین بەڵگەوە کە دەستیان کەوت لەسەر پارتی، کتووپڕ بڵاویان دەکردەوەو خەڵکەکەیان لێ بە ئاگا دەهێنایەوە تاوەکوو بیانناسن و شار بەدەریان بکەن، بەڵام هەڵگرتنی بەڵگەکان و شاردنەوەی لە خەزێنە ئاسنینەکانیاندا، تاوانەکەی لەوەی پارتی گەورەترە و وەکو ئەوە وایە کە پزیشکێک زۆر زوو بزانێت کە نەخۆشەکەی سرطانی لێ پەیدا بووە، بەڵام بێدەنگ بێت و خۆی کڕ بکات تا نەخۆشییەکە بە هەموو لەشی نەخۆشەکەدا تەشەنە دەکات و بێگوومان دەیکوژێت. وا بزانم بەڕێزتان و خوێنەرانیش لە مەبەستم گەیشتبێتن. کەواتە هەردوولا تاوانبارن لە هێنانە بوونی ئەم بارودۆخە دڵتەزێنەدا کە کەرکووک و کەرکووکیانی پێدا تێدەپەڕن.

ئەوەی سەیرە هەر لایەکیان دەڵێن بە سەدان بەڵگەمان لە بندەستدایەو ئەوەی پارتی فەرمووی: کەس ئەوەندەی ئێمە بەڵگەی لا نییە لەسەر یەکێتی، من بەمەیان باوەڕم کرد نەء لەبەر ئەوەی بەڵگەکان راست بن یا ناراست، بەڵکو لەبەر ئەوەی دەزگای پاراستنی پارتی هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە ئۆستان لە درووستکردنی بەڵگەدا لە سەر بێتاوانان و بە پێنج خوولەک دەتوانن میشوولە بکەن

بە فیل و وشتریش بکەن بە میرووله، ئەوجا قسەکانی ئەو بەڕێزە بەلای منەوە سەرسووڕێنەر نەبوو.

4 . بەداخەوەم بۆ شێوەی رەخنە لێگرتنەکەی بەڕێزتان، کە تا ئەمڕۆ بە چاوێکی دیکەوە دەمڕوانیە رەخنەکانت، بەڵام تاوان بارکردنی یەکێکی وەکو من (یوسف زەنگەنە) بە ورە بەرداو، دەیسەلمێنێت کە زۆر دووری لە بەسەرهاتەکانەوەو چاو بەستراو تەقە لە تاریکی دەکەیت، بە بێ ئەوەی بزانێت بەرامبەرەکەت وایە کە دەفەرمووی یا وا نیەو بەو هۆیەوە رەخنەکەی خۆت تووشی لاوازی دەکەیت لە چاووی ئەو کوردە بە وێژدانانەدا کە دەیناسن و ئاگاداری پێشینەو رابووردووین.

ئەگەر کەسێک بیەوێت باس لە ورە بکات بە شانازییەوە دەیڵێم، دەبێ ئاماژە بۆ نێوی یوسف زەنگەنە بکات، چونکە زۆرتر لە نێوسەدەیە رێگای خوێنینی ئازادی کوردو کوردستانم گرتووەتە بەر لە رێگەی بیروباوەڕێکەوە کە زۆر بەرفراوانترو پڕ مەترسیترە لە رێگای ئەو پەڕۆپەرستانەی کە با بەهەر لایەکدا بێت بەوێدا شەن دەکەن و هەر رۆژێکیش پەڕۆکانیان لە رەنگخانەی داگیرکەرێکدا رەنگ دەکەن. بیگوومان رێگەی من رێگەی کوردایەتیە. دەبێ چۆن ورە بەردانێک بێت کە پیشمەرگەیەک لە تەمەنی ١٧ و ١٨ ساڵییەوە تاوەکو ئێستا لە سەنگەری شەرەفدا سێ جار بریندار کرابێت و لە دوای هەر برینداریەکی ئارەزووی ئەوەی کردبێت کە زووتر هەڵبستێتەوە سەر پێ و رێگاکەی بەرێتە سەر و لە ئاکامیاندا تا وەکو ئەمڕۆ ٣٤ نەشتەرگەری گەورەی بۆ ئەنجام درابێت کە هەر ئەم کارە خۆی ورە بەرزییەکەو

کۆڵنەدانێک و شەڕ کردن لەگەڵ پیلانەکانی ژیانداو بەرانگا کردنیانە. چی وره بەردانێکە کە مرۆڤێک لە ١٩٦٤ وە بە چەکی قەلەم و زمان بە هەموو شێوەیەک لە بریتی رەخنەی وێرانکەر کەوتبێتە ئامۆژگاری دوو لایەنە لە یەک دابڕاوەکەو بۆ رێککەوتنەوەو درووستکردنەوەی نێومالێ خۆ، کە مەبەستم دوو باڵەکەی ئەو سەردەمەی پارتییە کە پێیان دەگووترا، جلالی و ملایی.

چی وره بەردانێک بێت کە لەگەڵ کوتایی هێنان بە شۆڕشی چەکداری کورد، ئەم (یوسف زەنگەنە) رێگایەکەی دیکەی گرتبێتە بەر بۆ تێکوشان ئەویش رێگەی خوێندنە، بە تێپەڕبوون بە هەژاری و برسیەتی و بێبەرگی و ئەمڕۆش هەڵگری چەندین بڕوانامەی ئەوەندە بەرز بێت کە بە دەگمەن کوردێکی دیکە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا پێیگەیشتبێت و خاوەن بە دەیان کتێب و نووسین بێت و بە تاکی تەنیا زۆرتر لە پەڕۆپەرستان توانیبێتی کێشەی نەتەوەکەی بگەیێنێت بە گوێ جیهانیاندا بە بێ ئەوەی نێوێکی بێتە نێوەوە و وەکوو سەربازێکی بێناوو و وەکوو شەمێک کە لە پێناوی رووناککردنەوەی تاریکییەکاندا بۆ خەڵکانی دیکە بسووتێت و بتوێتەوە.

ئاواتە خوازم لە رەخنەکانی داهاتوودا ئەگەر مەبەستت تەنها رەخنەگرتن نیەو بەس و دەتەوی درووستکەر بێت، بەر لە تاوانبار کردن، هیچ نەبێت کورتە لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ژیانی بەرامبەرەکەت بکە کە لەو کاتەدا رەخنەکەت بە هێزتر دەبێت.

5. لە لایەن پێشکەشکردنی ئامۆژگاری بە لایەنەکان کە مەبەستی بەڕێزتان پارتی و یەکێتیە دەڵێم: ئەگەر نەمامێکی تازە رووا و

بووایەن دەکرا، بەڵام هێندە پێر بوون لە هەڵەکانیاندا کە بوون بە دارێکی ئەستوورو تەنها رێچارە بۆ کورد و کەرکووکیان بە تایبەتی، ئەوەیە کە بیانبڕنەوە یا لە ڕیشەوە دەریان بهێنن، چونکە واز لێهێنانیان لەوەی کە لە سەری راهاتوون بووە بە (محال)، خوویەک گرتی بە شیری تەرکی ناکات بە پیری.

6. بێگومان لەگەڵ بەڕێزتدام، کە هەندێک یا لە راستیدا زۆربەی هەرە زۆری بەرپرسان و دەسەڵاتداران، رەخنەیان ناچێت بە گوێدا چونکە گوێکانیان بە لۆکەی هاوردە لە تورکیا و سعودییەوە ئێران و ئەمرێکاوە، ئاخێنراوەو داخراوەو لێوەکانیشیان بۆ قسە کردن لە فاقی هەمان وڵاتان دراوەو لەسەرەوە تاوەکو خوارەوە بوون بە بەندەی ئەڵقە لە گوێی و ئەوەی باوە، بەندەش لە فەرمانی ئاغاکەی بەولاوە گوێ لە ئامۆژگاری کەسێکی دیکە ناگرێت. ئەگەر بە ئامۆژگاری من بوایە ئەو رۆژەی لە ساڵی ٢٠٠٣ دا کە سەربازانی بەریتانی و ئەمریکایی گەیشتنە (ام القصر)، دەبوایە ئەمان کۆمپانیای نەوتی کەرکووکیان بۆمبرێژ بکردایەو کلیلەکەیان بە دەستەوە بگرتبایەو داوای دانانی سنووریان بۆ کوردستان بکردبایە بە کەرکووک و شوێنەکانی دیکەوەو لە کاتی پەسەند نەکردنیدا بە نووکە پەنجەیەک گڕ لەو ئاواتانەیان بەردەن کە لە پێناویدا عراق و کەرکووکیان کەیاندە ئەم بارو دۆخە. نامەکانم بۆ هەردوو سەرۆکەکەی پارتی و یەکێتی ماوەو لە بیرەوەرییەکانمدا بڵاودەکرێنەوە. کە کەرکووکشیان گرت، بە دوو سێ سەربازی ئەمریکایی شاربەدەر کران و نقەشیان لێوە نەهات، چونکە ئەو

پارانەی رژایە ژمارەی بانکەکانیانەوە گەرمتر بوو لە گڕی ئاگرەکەی باوەگوڕگووڕی کەرکووک و لە گڕی جەرگی سووتاوی ئەو دایک و باوکانەی کە تاوەکو نووسینی ئەم وشانەشم خوێنی رۆڵەکانیان دەڕژێتە باوەشی خاکی کەرکووکەوە.

7. ئەگەر بەڕێزتان وا بزانن من تەنها رەخنە دەگرم، بە داخەوە کە هەڵەی، ئەوەی من بۆ کەرکووکیانی دەنووسم رەخنە نییە، بەڵکو ئامۆژگارییە و هیوادرام و گومانیشم نییە کە زوو یا درەنگ بیر لە ئامۆژگارییەکانم دەکەنەوەو دەگەنە ئەو بۆچوونەی کە:

کاتی ئەوە هاتووە خۆیان پشتی خۆیان بخوورێنن چونکە نینۆکی کەس ناتوانێت بۆیانی بخوورێنێت، بەو شێوەیەی خۆیان دەیانەوێت. لە ساڵی ١٩٦١ و دواجاریش لە ١٩٦٤ و ١٩٦٦ وە ئەو دوو لایەنە هەر خەریکی فریودانی کەرکووکیانن و هەر خەریکی بازرگانی کردنن بە خوێنە پاکەکانیانەوە. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئیتر بە یەک دەنگ هاوار بکەن و بلێن: بەسە، بەسە، بەسە.

ئەگەر دەشبینی کە من لە رۆژاوا دانیشتووم و تەنها بە نوسین و دەنگی ئاشکراو نهێنی ئامۆژگارییەکانم رەوانە دەکەم، ئەمەشیان زۆر بەداخەوە لە ئاکامی بارودۆخی تەندرووستیمە کە نە دەتوانم سوواری فرۆکە بم و نە هیچ یەکێک لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان رێگەم دەدەن بە سەرزەمینەکەیاندا تێبپەڕم و بگەڕێمەوە باوەشی خاکەکەی خۆم لە بەر پشتیوانی کردنم لەو لایەنە کوردیانەی کە دژ بە سیاسەتی فاشیستییانەیان لە تێکۆشاندان، بەڵام رابەران و دەسەڵاتدارانی (جۆ شەنکە با هات) ی بە تایبەتی هەرێمی باشوور، بە ویستی دڵی خۆیان لە

هات و چۆدان بەو وڵاتانەدا، کە ئەم قەدەغە بوونەشم خۆی یەکێک لە شانازییەکانمە.

زۆر سوپاس بۆ بەڕێزتان و هیوادارم بە وڵامەکەم زوێر نەبێت و بە دڵێکی فراوانەوە راستییەکان وەربگریت. ئەو پەڕی رێزم بۆتان هەیە.

*****

# پاشکۆی

# -٢-

# کەرکووک کوردستانە

هاوڕێیانی خۆشەویستم:

پیرۆزباییەکی گەرم لە ناخی دڵەوە بە بۆنەی رزگار بوونی کەرکووک و بڕێکی دیکە لە شوێنە لە کوردستان دابڕێندراوەکان، لە ئاکامی هاتنە پێشەوەی هەلێک کە لای زۆربەمان چاوەڕوان نەکراو بوو. هیوادارم پاش ئارام و هێمن بوونەوەی بارووداۆخەکە، بە ئاسانی مامەلەیان لە سەر نەکرێت و ئاڵوگۆڕ نەکرێن و جارێکی دیکە نەسپێندرێتەوە دەستی داگیرکەران.

بێگومان لێرەدا و لەم ساتەدا سێ خاڵ لەرزە دەخاتە دڵە هێشتا برینندارەکەی منەوە، کە لەوەدایە دام و دەزگای نوری مالکی دوو خاڵیان پێشنیاز بکەن و دەسەڵاتدارانی هەرێمیش پەسەندی بکەن و بە هەزارو یەک بیانووەوە پاشە کشێ بە پێشمەرگە بکەن و بمانگەڕێننەوە بۆ خاڵی (٠) کە ئەمانەن:

أ. هەرێم ئازادە لە هەناردەکردنی نەوت، بۆ هەر شوێنێک و لە هەر کاتێکداو بە هەر نزخێک، کە دەسەڵاتدارانی بیانەوێت.

ب. بە بێ بچران و کەم کردنەوە مانگانە، ١٧% کەتان بۆ ڕەوانە دەکەین و لەوەشدایە زۆرتریشی بکەین.

لێرەدا، ئەرکی ڕێگرتن لە بە دیهاتنی ئەم ئاڵوگۆڕە دەکەوێتە ئەستۆی تاکتاکی ئەندامانی کوردپەرستی نەتەوەکەمانەوە بە تایبەت خەڵکانی کوڵنەدەری کەرکووک و شوێنە دابڕێندراوەکانی دیکە، چوونکە ئەگەر ئەم هەلە لە دەست بدرێت ئیتر لەو باوەڕەدام وا بە ئاسانی جارێکی دیکە روو نەداتەوە، چونکە ئاواتێکی هێنایە دی کە ساڵیانێکی دووروو درێژە خوێنی بۆ دەدەین و لە چاوەڕوانیدا بووین.

پ. ئەم خاڵەیان هەڕەشەی دەرەکییە بە تایبەت تورکیا و گووشار هێنانە سەر هەندێ لە لایەنەکان، بۆ کشانەوە بە تایبەت لە کەرکووک و ئەگەر گوێڕایەڵی هەرەشەکەیان نەبن و داواکەیان جێبەجێ نەکەن ئەوە بە کوورتی و بە کوردی زەمبەلەکی بۆڕییە نەوتەکە دەبەستن و دەرگای سنوورەکانیش دادەخەن، کە بەداخەوە ئەمە یانی (پارە) خاڵی لاوازی هەندێک لە رابەرانی هەرێم و پارتە بە نێو سیاسییەکانی ئێمەن.

جگە لەوانەی کە باسکران خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ و مەترسیدار هەیە، کە دەبێت بە دیقەت تەماشای بکەین و شیبکەینەوە کە ئەویش راوبۆچوونی هەندێ لە دەسەڵاتدارانی بغدادو پیاوە ئاینییە گەورەکانە، کە بە ئاشکرا دژ بە (الإنقسام الطائفی) و (القومی) قسە دەکەن و بە یەک چاوو تەماشایان دەکەن، کە بە بۆچوونی من (القومی)یەکە ئێمەی کورد بین و کە

ئەگەر هات و سەرکەوتن بەسەر (داعش) دا ئەوجا بە خەیاڵی خۆیان، لوولەی تۆپەکانیان روو بەرەو کوردستان وەچەرخێنن.

هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو ئەو پێشمەرگانەی کە بە دڵەوەو خۆ بەخشانە سینەی خۆیان وەکو هەمیشە کردووە بە قەڵخان لە پێناوی پاراستنی خاکی کوردستانەکەمان.

پەروەردگارا کوردستانەکەمان لە ئەهریمەنانی دەرەکی و نێوەکی بپارێزە.

براتان: د. یوسف زەنگەنە. 18.6.2014

*****

# پاشکۆی

## -٣-

## وڵامێک بۆ هاوڕێیەک:

### ئەو هاوڕێ بەڕێزە نووسیویەتی:

وه لاميكي پڕ به بيستي خۆي ده ست خۆش به راستي خه لكي كه ركوك زۆر به ش مه ينه ت ونه دارن ته ماشاي خانوه كانيان بكه ئه ليي كه لاوه و ئاسه واره كه خاوه ني ئه و شاره ده وله مه نده ن به راستي كاربه ده سته كاني كورد قه ت خۆ يان به خاوه ني كه ركوك و خه لكه كه ي نازا نن منالاني كه ركوك له هه مو ماف و خزمه تكوزاريه ك بيبه شن له كه ره كيكي كه وره ي وه ك ئيسكان شوينيكي ياري كردن نيه بۆ منالان.Shamali Xani

### وڵامی من:

کاک شەماڵ گیان زۆر سوپاس بۆ ئەو هەستە پڕ لە دڵسۆزییەت بۆ کەرکووکی ستەملێکراو و بۆ ئەو ڕوونکردنەوە ڕاست و درووست و خەم بارێن و دڵتەزێنەت. زۆرم حەز دەکرد بە درێژی لە مەر کەرکووک بمنووسیبایە، بەڵام بە داخەوە

فەیسبووک هەر ئەوەندە هەڵدەگرێت. ماوەیەک بەر لە ئێستا لە لاپەڕەکەمدا نووسیم، (کە کەرکووک مێواندارێک و خاوەن سفرەیەکی ئەوەندە دڵپاک و دەست کراوەیە کە لە پێناوی تێر کردنی برسییەکانی دیکەی کوردستاندا، منداڵەکانی خۆی بە برسیتی دەهێڵێتەوە. بۆ ئەوان بە خوێنی خۆی کۆشک و تالار درووست دەکات، بۆ ئەوانەی خۆی خانووی لە تەنەکە درووستکراو)، کە ئەمە راستییەکەو هێشتاش هەر لە سەر ئەو بۆچوونەی خۆم ماووم، کە ئاشکرایەو لە بەر چاواندایە.

ئەوجا، لە مەر هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە، لە بەرزترینیانەوە بگرە تا دەگاتە خووارترینیان، هەرگیز بە دڵێکی پڕ لە سۆزەوە هەوڵیان بۆ بە کوردستانی کردنی کەرکووک نەداوەو نایدەن، چونکە کارەکە لە بەرژەوەندی ئەواندا نیە  بە سەدان هۆوە، لەوانە:

**یەکەم**: هەرگیز لەبەر چەند نەتەوەیی بوونی شارەکە، ناتوانن کونترۆڵی بکەن و بیبەن بەڕێوە، وەکوو شارەکای دیکەی کوردستان کە سەد لە سەد کوردن، هەروەها شایانە بگووترێت کە، کەرکووک مرۆڤی لێشاوو شارەزاو سیاسەتزانی چاوو نەترسی دەوێ و لە نێو دەسەڵاتداراندا زۆر بەداخەوە، لەو جۆرە مرۆڤانە، دەست

ناکەوێت، هۆکەشی ئەوەیە کە ڕێگە بەو جۆرە مرۆڤە نادرێت کە سەر بەرزبکاتەوە، چونکە بێگوومان نابێتە مەسینە هەڵگرو نابێتە داردەستی دەسەڵاتدارە بەرزترەکان.

**دووەم**: پارەی ئەو نەوتەی لە دەوڵەتی بەغدادی وەردەگرن بۆ بەڕێوەبردنی کوردستان ئەگەرچی لە نەوتی کەرووک و خوێنی کەرکووکییانە، بەڵام ئەگەر کەرکووک، بگەڕێتەوە نێو سنووری هەرێمی کوردستان، ئەو بڕە پارەیەی کە لەسەری رازیبوون، زیاد ناکرێت لە لایەن بغدادەوەو هەر وەکو خۆی دەمینێتەوە، ئەمەش بە زیانی دەسەڵاتدارانی هەرێم تەواو دەبێت، چونکە لە رادەی دزی و گەندەڵییان کەم دەبێتەوە، بە هۆی دابینکردنی بەشێکی ئەو پارەیە بۆ کەرکووک.

**سێهەم**: ئەگەر کەرکووک بگەڕێتەوە کوردستان، ئەمان کراسەکەی عثمانیان (قمیص عثمان) لە دەست دەر دەچێت و هەر کاتێک گرفتێکی پارە دزین بکەوێتە نێوانی خۆیان و بغدادەوە شتێک نامێنێت بیکەن بە بیانوو و چەکوش و بیدەن بە سەری بغداددا، تا داواکانیان بچەسپێنن بە سەریاندا کە زۆربەی داواکانیش پارەیەو و باشترین نمونە کێشانەوەی ئەم دواییەی وزیرو پارلەمانتارەکانە لە بغداد، چونکە گرفتی پارە کەوتە

نێوانەوە، ئەگینا بە دەیان گرفتی ناخۆش هاتە پێشەوەو ئەمان لە بغداد تەکانیان نەخوارد و کورسییەکانیان بە جێنەهێشت و باشترین نموونە، جێبەجێ نەکردنی (مادەی 140)ە.

**چووارەم**: بوونی جیاوازییەکی زۆر قوول لە نێوان دوو پارتە زەبەلەحەکەدا، یەکێتی مام جلال و پارتی کاک مسعود لە سەر کەرکووک، کە لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ باوەشی کوردستان کامیان دەبن بە (ولي الأمر) یا خاوەنی کەرکووک و دەست دەخەنە سەر سامانەکەی، کە لەم چەند ماوەیەی دووایدا بینیمان هەر لایەنێکیان بە شێوەیەکی سەیرووسەمەر، عضلاتی خۆیان دەرخست و پیشان دا.

لە ئاکامدا، زۆر هۆی دیکە هەن کە باسیان لێبکەم، بەڵام، با جاری هەر ئەوەندە بەس بێت. ئەگەر ئەوان راست بکەن ئەم چرکەیەی کە من ئەم وڵامەی بۆ بەڕێزتان تێدا دەنووسم باشترین هەلە بۆ ئەوەی هەردوو لایەنەکە دانیشتنێکی بەرفراوان، بکەن و هێزەکانیان رێک بخەن و دەست بگرن بەسەر شارەکەو چاڵە نەوتەکانیدا، چونکە لە یاری سیاسیداو ئەم بارو دۆخەی ئێستادا، براوە ئەو کەسەیە کە زەمبەلەکی نەوتەکەی کەرکووکی بە دەستەوە بێت. لە ساڵی 2003شدا، ئەم پێشنیازەم، بۆ هەردوو

لایەنەکە بەرزکردەوەو لە چاو پێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیشدا باسم بە درێژی باسم لێکرد، بەڵام گوێگر نەبوو یا لە ترساندا، لۆکەیان تەپاندبوو بە گوێیاندا، ئەگەرچی تا ئێستا چەندین جار هەلی زێڕین هاتووەتە پێشەوە بۆ گرتنی کەرکووک بەڵام، خۆیان لێ گێل کردووەو چوونەتە ژێر لێفە گەرم ونەرمەکانیانەوە، بەڵام هەلی ئەمجارە لە زێڕینیش بە نرخترەو داگیر کردنی چاڵە نەوتەکان وەکوو ئاو خواردنەوە وایە، چونکە بە ئاسانی دەتوانرێت لە بارودۆخەکە کەڵک وەر بگیردرێت و دەبێ کورد سیاسەتی خۆی بگۆڕێت و دووپشکانە ڕەفتار بکات و هەر کە شوێنێکی نەرمی دەستکەوت ژاری خۆی تێبڕژێنی، ئەگینا لە ژێر پێدا دەهەنجرێت و ئیتر ئەو سەردەمە بە سەرچوو کە بە بیانووی برایەتی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا بمانخەڵەتێنن و فریومان بدەن و گرفتەکە وەکوو خۆی بە جێبهێلن تا برایەتییان لە گەڵ خەڵکانی دیکەدا تێک نەچێت و تا ئێستاش نازانم کام مەلا بووە لە سەرەتاوە (صیغەی) ئەم برایەتییەی خوێندوەو خوێنمانی لەگەڵ داگیرکەراندا تێکەڵ کردووە.

تەماشایەکی شاری کەرکووکی خاوەن دەوڵەمەندترین سامانی خودادادی و بەراورد کردنی لە گەڵ شارەکانی دیکەی کوردستاندا وەکوو بەراورد کردنی هەژارترین شاری وولاتێکی

ئەفریقاییە لە گەڵ لەندەن و نیۆیۆرک و پاریسدا، ئەمە ئێرەیی بردن نیە بە شارەکانی دیکەی کوردستان و شار پەرستی ناکەم چونکە ئەوانیش بۆ من کوردستانن و جێی شانازین، بەڵام کورد وتەنی "بڵێ حەق ئاو رادەوەستێت" و راستییەکە کە بە چاووی بێزەرەبین دەبیندرێت.

به ئومیدی ئەو رۆژەی کە رابەرانمان کەمێک لە گەندەڵکارییەکانیان کەم بکەنەوەو کەمێک ترس و مێژ پەرستی بخەنە لاوەو بکەونە بیری کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەشەوە، چونکە زوو یا درەنگ، ئەو رۆژە دێت کە مێژەکانیان بە جێدەهێلن، باشتر نیە بە سەر بەرزی و نەتکانی ئاووی ئابڕووە بێت؟ زۆر سوپاس،

دڵسۆزتان: د. یوسف زەنگەنە: ٢٠١٣/٦/١٢

.

# پاشکۆی

## -٤-

## ئایا کەرکووک کوردستانییە؟

کە لێم دەپرسن خەڵکی کوێیت، دەڵێم کوردستان، کە دەڵێن کوێی کوردستان، دەڵێم، باشوور، کە دەپرسن، کوێی باشوور، دەڵێم کەرکووک..... بە زەردەخەنەیەکەوە پرسیارێکی دیکەشم لێدەکەن، بەڵام جارێ با ئەو پرسیارە بمێنێت و نەیخەمە بەر چاوو و گوێتان.

هاونەتەوەییە بەڕێزو خۆشەویستەکانم،

ئەمڕۆ و لێرەدا من زۆر پێویستم بە یارمەتی و هاوکاری ئێوەی دڵسۆز هەیە کە دادپەروەرانە، دوور لە هەستی ناسکتان و بەزەیی پێهاتنتان، بۆ وڵامدانەوەی بە ویژدانانەی ئەم پرسیارانەی لای خووارەوە بە مەرجێک، وڵامەکانتان دوور بێت لە تینی پروپاکەندەی ئەو پارت و لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینییانەی کە باوەڕتان

پێیان هەیەو دانتان ناوە بە پەیرەوو پرۆگرامەکانیانداو لەوەدایە هەندێکیشتان بەڵێنتان دابێت و سوێندتان خوواردبێت کە تا مردن وەفاداریان بن و پابەندی بڕیارەکانیان بن، چی راست بێت و چی هەڵە.

پرسیارەکان:

- ئایا منی لە دەیان پشتەوە کەرکووکی، راستم لە وڵامەکەمدا کە دەڵێم کوردستانیم؟

- ئایا من و کەرکووکیانی دیکەش کە هەمان وڵاممان هەیە، خۆمان ناخەڵەتێنین و خۆمان فری و نادەین و بە شێوەیەکی کراوەتر درۆ لەگەڵ خۆماندا ناکەین؟

- ئایا ئێمەی کەرکووکی، نەبووین بە داردەستی لایەنەکانی دەرەکی و نێوخۆ بە تایبەت پارتە سیاسییەکانی باشوور کە بە ئارەزووی خۆیان و لە کاتێکدا کە بەرژەوەندییان پێویست بکات بە کارمان ناهێنن و نامان کوتن بە سەری ئەم و ئەودا و هەر کە ویستەکانیان جێبەجێ کرا تووڕمان هەڵنادەن و لە بیرمان ناکەن؟

- ئایا ئێمەی کەرکووکی نەبووین بە تۆپی بەر پێی دوو پارتە زلهێزو زەبەلەحەکەی باشووری کوردستان و بە ویستی خۆیان نامانهاوێژن بەرەو ئەم دەروازەی گۆڵ و ئەو

دەروازەی و لە ئاکامیشدا ئێمەی تۆپەکە نین کە بەر لەقە دەدرێین و ئێمە دۆڕاوەکە نین؟

- ئایا ئێمەی کەرکووکین کە بێدەسەڵات و بێتواناین و لە خۆماندا رانابینین کە بێینە گۆڕەپان و بە یەک دەنگ هاوار بکەین، بەسە یاری پێکردنمان، بەسە فرۆشتنمان بە هەرزان لە بازاری سیاسەتدا و لە پێناوی بەرژەوەندییە سیاسییەکانتاندا لە راستیدا داراییەکانتاندا، بەسە خوێنی پاکی لاوانمان لە شووشەکردن و کردنی بە رەگ و دەماری پارتەکانتاندا بۆ ئەوەی چەند ماوەیەکی دیکە زیندوو بمێنن و گۆڕەپان داگیر بکەن و دەوڵەمەندتر ببن، بەسە هێندە سینەی لاوەکانمان مەکەن بە سەنگەرو قەڵخان و خۆتانی لە پشتدا مەشارنەوەو کە بە کوشتیش دراین، بە پارچە زەمێنێک، مووچەیەکی بخۆ و مەمرە، دوو رستەی تەلەسماوی شەهید نامرێ و لە دڵاندا زیندووە، داک و باب و ژن و منداڵ و خۆشک و براکانمان فریو مەدەن؟

- ئایا باش تێپەربوونی ٢٢ ساڵ بەسەر بە نێو رزگار بوونی کوردستانەکەی هەولێرو سلێمانی و دهۆک و بەرزبوونەوەی دیارو ئاشکرای ژیانی (مادی و معنوی) و دانیشتوانیان هاوڕێ لەگەڵ پێشکەوتن لە بواری

کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و گەشە کردنی شارەکان و جادەو رێگاو بانەکان و خانوو و کۆشک و تەلارەکان و نەبوونی هیچ لەو رووداو باسکراوانە لە کەرکووکدا، ئەوە درنابڕێت کە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانی سێ شارەکە، ئێمە لە خۆیان دانانێن و ناژمێرن و بە هەموو شێوەیەک پاڵمان پێوە نانێن تاوەکوو لە کۆڵیان ببینەوەو لە دەستمان رزگاریان ببێت، تا بە ئاسوودەیی بنووسێن بەو کورسی و مێزە زێڕینانەوە کە لە ناوچە باسکراوەکاندا بۆ خۆیانیان درووست کردووە وەک یەکێک لە رابەران گووتەنی " ئێمە بۆ خۆمان هێلانەیەکی خنجیلانەمان درووست کردووە بەڵام کەرکووکیان دەیانەوێ لێمانی تێک بدەن"؟

- ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە ئێمەی کەرکووکیان بکەوینە بیری پاشەرۆژی خۆمان و شارەکەمان و بیر لە رێچارەیەک بکەینەوە کە لەم بارودۆخە نا دیارو نالەبارە رزگارمان بکات و بگەڕێین بە شوێن ناسنامەی خۆمانداو چارەنووسی خۆمان بە دەستی خۆمان دیاری بکەین و ئیتر هێندە چاوو نەبڕینە دەستی ئەوو ئەم بۆ ئەو مەبەستانە؟

- ئایا ئابڕومەندانەتر و بە وێژدانەتر نیە کە دەسەڵاتدارانی هەرێم بە بێ شەرم و بە ئاشکراو

راشکاوانە پێکرا بڕیار بدەن و بڵێن، "کەرکووکیان ئێمە بۆ لکاندنەوەی ئێوە بە کوردستانەوە هێچمان لە دەست نایەت و ئێوە کوردستانی نین و خۆتان بکەونە هەوڵ و کۆشش بۆ ئەنجامدانی ئەوەی کە خۆتان، بە باشی دەزانن بۆ شارەکەتان و دەورەبەری و ئێمە ئەوەی هەمانە بەسمانە". کە بەم کارەیان دەستی ئێمەی کەرکووکی ئاواڵە دەکەن و ئیتر دەمێنینەوە خۆمان و توانای خۆمان و بەم کارەیان لە کووشتن و ماڵ وێرانی و بۆمبای بکووژانی رۆژانەش رزگارمان دەبێت و هێندە لاوو و پیرو منداڵانمان نابنە قۆچی قوربانی رۆژانەی ئەو تروریستانەی کە لە رقی لایەنە سیاسییەکانە کە وەکو گورگ کەوتوونەتە گیانمان و رۆژانە پاڵامارمان دەدەن و هەوڵی قڕ کردنمان دەدەن؟

- دوا پرسیار، ئایا ئێمە عیراقین، ئەگەر وڵام بەڵێیە، بۆچی لە لایەن دەوڵەتی بەغدادەو وا پشت گوێ خراوین و لە بیر کراوین وەک ئەوەی مێوانێکی ناخواستە و ئێسک قورس بین و ئەوەی لەوانەوە پێمان دەگات، ئوتۆمۆبیلی رۆژانەی بۆمبرێژ کراوەو دەستە دەستە تروریستانی بیانییەو ترس و هەڕەشەی مەرگ بارێنەرە؟

هیوادارم وڵامدەرێک پەیدا ببێت بۆ پرسیارەکانم،

تا منیش بتوانم وڵامی ئەو پرسیيارە زەردەخەناوییە بدەمەوە ..... کە دەیانپرسی: "بەڵام کەرکووک کوردستانی نییە و بە فەرمی نەخراوەتە سەر سنوورەکەی؟"

# پاشکۆی

## -٥-

## کەرکووک، کەی کارتی سوور بەرز دەکاتەوە؟

**پێشکەشە بە ڕەوانی پاکی شەهیدی جوانەمەرگ ئاراس أنور حسین،**

**کە لە کاتی نوێژدا لە یەکێک لە مزگەوتەکانی کەرکووک، لە ئاکامی بۆمبڕێژکردنی داعشیەکان، شەهید بوو. ئاراس، داوەرێکی سەرکەوتووی، یاری تۆپی پێ بوو، لە کەرکووک.**

کاکە ئاراسی جوانەمەرگ، کارتی زەردی خۆی بەرز کردەوە لە رووی هەڵەکارانی یاری تۆپی پێدا، ئەی ئێمەی کەرکووکی کەی کارتی زەردی یەکەم و دووهەم، یا بە یەکجار، کارتی سوور بەرز دەکەینەوە لە رووی ئەو لایەنە هەڵەکارو چەواشەڕەوانەدا کە خوێنی کەرکووکیانیان بە تایبەتی و هەموو کوردیشیان بە گشتی لە شووشە کردووەو لە بازاری سیاسەتی جیهانیدا خستوویانەتە

مەزادەوە، لە پێناوی پڕ کردنی باخەڵی خۆیان و لە مانەوەیەی پارتەکانیان لە گۆڕەپاندا بۆ ماوەیەکی زۆرتر، بە بێ گوێدان بە ناڵەی دایک و باوکانی ئاراس لە دەستداو و ئاراسانی ئەمڕۆ و دوێنێ و سبەینێش، ئەگەر تا زووە لە خەو رانەپەڕین و بانگەوازی "**ئیتر بەسە**" یان نەدەین بە بەر گوێدا.

خۆزگە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتدارانی هەرێم و سەرۆکانی پارتەکانی دیکەی کوردیش بە ئیسلامی و علمانی و راسترەو و چەپڕەوەوە، ئەو ئازایەتییەیان لە خۆیاندا پیشان دەداو راستەو خۆ و بە راشکاووی و بە بێ پەردە، دانیان بەوەدا دەنا **کە، توانای ئەوەیان نیە کەرکووک بگەڕێننەوە باوەشی کوردستان.** لەو کاتەدا گلەییمان لێیان نەدەکردوو دەکەوتینە بیری پەیدا کردنی رێچارەیەکی دیکە، بۆ رزگارکردنی لاوان و پیروو ژن و پیاوانمان لە چنگاڵی مەرگێک، کە لەبەر دەرگای هەموو ماڵێکماندا، کەڵپەی تیژ کردووەو لە چاوەڕواندا راوێستاوە.

دان بە ناتەوانی و هەڵەدانان، شەرم هێنەر نیە، بەڵام شەرم، لە خۆ هەڵکێشانێکی بێبەردایە.

کورد پەروەران، چاوەڕوانی هیمەتتانین کە بۆمانی بسەلمێنن، کەرکووکیش کوردستانییە، لەبەر خاتری کەرکووکیانیش نەبێت، بەڵکو شوێنەکانی دیکەی کوردستان کە بە داهاتی سامانی ژێرزەمینی کەرکووک دەژین. ٢٠١٣/١٠/٢٢

# پاشکۆی

## -٦-

## رفر اندۆم یا گشتپرسی بۆ کەرکووک

رفراندۆم لە کەرکووکدا بۆ گەڕانەوەی بۆ باوەشی خاکی کوردستان، لەم بارودۆخەدا گەورەترین هەڵەیەو ترسناکترین هەنگاوی سەرنەکەوتوو و دژ بە ویست و ئاوات و ئاروزووی هەموو کوردیکە بە تایبەت، کەرکووکیان و پیلانێکی دەرەکییە بۆ دابچراندنی یەکجاری و هەمیشەیی لە کوردستان. چوونکە بە کوردی و بە کوورتی و راشکاوی هەندێک لە لایەنەکانی کورد لە خۆیاندا رانابینن کە بێبەن بەڕێوە، بۆیە خستوویانەتە مەزادەوەو بە هەر نرخێک بێت، دەیانەوی لە کۆڵی خۆیانی بکەنەوە، کە ئەمە شاراوەیەکی پشت پەردەیەو لەگەڵ راستییە ئاشکراکاندا، زۆر جیاوازە.

شاراوەیەکی دیکە ئەوەیە هەندێ لە میدیاکانی کوردی دەڵێن، کە باشترین کاتە بۆ گشتپرسی چونکە پێشمەرگە لە شارەکەدایەو هەموو دانیشتوانی هەست بە

ئارامی دەکەن و نەوتەکەش بە دەست خۆمانەوەیەو سوودوو کەڵکەکەشی لە پاشەرۆژدا دابەش دەکرێت بەسەر خەڵکەکەیدا، لە کاتێکدا لە کەرکووکدا تا ئێستاش ئۆتۆمبیلەکان دەتەقێندرێنەوەو نەوت و بەنزینیش بوون بە (ئاوی ژیان) و بەدەستهێنانی کارێکی بێئەندازە سەخت و گرانە. ئەوەی کە بە ئاسانی دەستی دانیشتوانیشی دەکەوێت لە نەوتەکەی کەرکووک، تەنها دووکەڵەکەیەتی کە بە رێکوپێکی و بەردەوام هەڵیدەمژن بە خۆڕایی و لە ئاکامیشدا، تووشی دەیان لە نەخۆشییە پیسەکانیان دەکات، کە شێرپەنجە ئاسانترینەکانیەتی..

عارەب و تورکمانیش لە رابووردوودا هەرگیز وەکوو ئەمرۆژانە ئەوەندە تووڕەو وەڕس و نارازی نەبوون لە بارودۆخەکە و بە شوێن بیانوودا نەگەڕاوون، وەک هەموو رۆژ دەبیستین و دەبینین، لە میدیاکانیاندا بە "شاری کەرکووکی داگیرکراو" نێوی دەبەن و چەند جارێکیش تورکمانەکان سکاڵایان بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بەرز کردووەتەوەو داوایان کردووە کە لەبەر ئەوەی بە بارودۆخێکی ناهەموارو ترسناکدا تێدەپەڕن، ژیانێکی ئارام و ئاسوودەیان بۆ درووست بکرێت لە کەرکووکدا و سەد

لە سەد هەردوو لایان، نارازین لە دەستبەسەرخستنی پێشمەرگە بەسەر کێڵگە نەوتییەکاندا.

بێگوومان خودی میدیا کوردییەکانیش و ئەوانە لە پشتیانەوەن زۆر چاک دەزان "**کەر لە کوێ کەوتووەو کوندە لە کوێ دڕاوە"**، دەشزانن کە ئاکامی گشتپرسییەکە لە کاتێکدا سەرکەوتوو دەبێت، کە لە لایەن کەمەوە ٧٥% خەڵکەکە دەنگی ئەرێنی بدەن کە ئەمە لەم رۆژانەدا "هەرگیز" و ئەمەش زۆر بەداخەوە ویستی هەندێ لایەنی کوردییە.

شاراوەیەکی دیکە یا راستتر فێڵێکی دیکە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە.

ئەوەی ئاشکرایە کەرکووک شارێکی فرە نەتەوەییەو بە گوێرەی یاسا و دەستووریش هەموو خەڵکی شارەکە بەر پرسیارن کە بەشداری بکەن لە هەر گشتپرسییەکدا کە پەیوەندی بە شارەکەوە هەبێت. لە ئاسانەکانەوە بگرە تا دەگاتە بڕیارە گرنگەکان وەکوو ئەمەی کە ئێستا هەندێک لە لایەنە کوردییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن کە رفراندۆم بکرێت تا بزانرێت ئایا کەرکووکیان دەیانەوێت بلکێن بە کوردستانەوە یا، نا؟

بە بێدووودڵی و گوومان دەڵێم لەم بارودۆخەدا، نە تورکمان و نە عارەب دەنگ نادەن بە گەڕانەوەی، چونکە فەرمان وایە کە تورکمان دەنگی نەرێنی بدەن و عارەبیش ئاشکرایە کە تاکوو یەک نەفەریشیان دەنگبدەری ئەرێنی نابن.

لێرەدا دەمێنیتەوە تەنها کوردەکە، بە بێگوومان لە بەر ئاڵۆزی نێوان پارتی و یەکێتی و جیاوازی لە بۆچوونەکەنیاندا لەمەڕ سەربەخۆیی، لەو باوەڕەدام کە ئەندامانی یەکێتی بەشداری دەنگدان نەکەن و لە راستیدا هەر دژی رفراندۆمیش راوێستن لەم کاتەدا، چونکە بە بۆچوونی ئەوان دۆخەکە گونجاو نیە "تا رادەیەکیش راست دەکەن". بە بۆچوونێکی زۆر بەهێزیش رەنگ هەیە پارتییەکانیش یا دەنگ نەدەن یا دەنگی نەرێنی بدەن، چونکە لە رێککەوتنی نێوان هەندێ لە دەسەڵاتدارانی هەرێم و تورکیادا، یەکێک لەو مەرجانەی کە دانراوە بۆ پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان لە لایەن تورکیاوە، ئەوەیە کە دەوڵەتی کوردستان کەرکووکی تێدا نەبێت و هەر لەم چەند پارێزگایەدا بێت کە ئێستا پێیدەگووترێت هەرێمی کوردستان و هەوڵ بدرێت کە کەرکووک بکرێت

بە فیدریالییەتێکی سەربەخۆی سەر بە دەوڵەتی فیدرالی عراق، ئەگەرچی ئەمە (محاڵە)، بەڵام وا لەسەری رێککەوتوون.

بێگومان دەیان مەرجی دیکەش کە پەیوەندییان بە خەڵکەکەو نەوتەکەیەوە هەیە و گرنگتریان چۆنیەتی گەیاندنی نەوتەکەیە لە رێگای کوردستانە سەربەخۆکەوە، بە تورکیا.

بۆیە، دەبێت خەڵکانی کوردپەرست و ئەوانەی کە بیر لە سەربەخۆیی راستەقینەی کوردستان دەکەنەوە - لە کاتی گۆنجاودا- ئاگاداری ئەم پیلانە بن و بە دیقەت بڕواننە کێشەکە، ئەگەر وا نەبێت بە یەکجاری کەرکووک لە کوردستان دادەبچڕێت. چونکە ئەگەر گشتپرسییەکە، کە هەندێ لایەنی کورد داوای دەکەن، ئاکامەکەی دژ بە ویستی کورد بێت یانی سەرکەوتوو نەبێت، ئەوە بە هەموو شێوەیەک دەوڵەتی عراق و لایەنە دژ بە کوردەکان پەسەندی دەکەن و لەوە بە دواوە دەیکەن بە کراسەکەی حەزرەتی عثمان و لە هەموو کات و شوێنێکدا بەرزی دەکەنەوە کە کوردەکان، خۆیان نایانەوێت کەرکووک، بگەڕێتەوە باوەشی کوردستان. کە بەداخەوە هەندێ، لە

لایەنە سیاسییەکانی کوردیش ئەمەیان پێخۆشە، من بەش بە حاڵی خۆم لەو باوەڕەدام ئەو بانگەوازەی کرا بۆ سەربەخۆیی کوردستان بە سەدان هۆ و بیانووەوە، دەکێشرێتەوە و ئەگەریش بە فیتی تورکیا ئەنجامدرا، کە لە سەر ئەمەی دواییان زۆرتر سوورم، بە هیچ شێوەیەک سەرکەوتوو نابێت و هیچ وڵاتیك پشتگیری لێناکات و دیسانەوە دەسەڵاتداران، ناچار دەبن لە گەڵ بغداددا رێکبکەوون و کورد گووتەنی "عەینی طاس و عەینی حمام".

لە کۆتاییدا وسەرەرای هەموو ئەوانەی کە باسکران، بەبێ کەرکووک راگەیاندنی سەربەخۆیی بۆ کوردستانی ئەم شارانەی ئێستا پێویستی بە رفراندووم نیە، چونکە مردوو لە داییک دەبێت، مەگەر نەیانفەرمووە کەرکووک دڵی کوردستانە، کە کەرکووک لە دەستچوو بە بێگوومان، کوردستان بێدڵ دەمێنێتەوەو ئەوەی ئاشکرایە هیچ گیاندارێک لە جیهاندا بە بێ دڵ نەژیاوەو ناژیت.

**تێبینی:** ئەم بۆچوونەم لە ئاکامی شیکردنەوەی رووداوەکانی تا ئەمڕۆ (٢٠١٤/٧/١٥)ە، لە بەر ئەوەی لە ناوچەکەی ئێمەدا سیاسەت هەر رۆژێک لە گۆڕاندایە و وەکوو پێرەژن و چەرخ و

فەلەکەکەی مەلا نصرالدینی لێهاتووە، هەر رۆژێک بە لایەکدا دەسووڕێتەوە و دەسەڵاتدارانی ئێمەی کوردیش کەڵکی رەشیان لە سادەیی و دڵپاکیمان وەرگرتووەو بە ئاسانی دەمانخەڵەتێنن، لەوەدایە سبەینی راوبۆچوونەکان بە شێوەیەکی سەد لە سەد بگۆڕدرێت و بە پێچەوانەی ئەمڕۆوە بێت.

# پاشکۆی

## -٧-

## شێخ مارفی بەرزنجی و هاوبیرانی

**2015/01/04**

دەتوانم بڵێم لەو کاروانی شەهیدانەدا کە تاوەکو ئەمڕۆ لە پێناوی ئازادی کوردو رزگاری کوردستاندا کەوتووەتە رێ شەهیدی نەمر شێخ مارف و هاوڕێکانی، ستەملێکراوترینیان بن، چونکە **یەکەم** بێتاوان بوون و تاوانباران کران، بە تاوانێکەوە کە هەرگیز نە کاری ئەوان بوو و نە لەو کەسایەتییە بەڕێزانە دەوەشەیاوە. **دووهەم**، دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمەی شۆڕش بە ئاسانی دەیانتوانی رزگاریان بکەن، بە گۆڕینەوەیان بە دەیان پلەداری بەرز بەرز لە سوپای عێراقدا کە بە دیل گیرابوون، بەڵام نەیان کرد، تەنها لەبەر ئەوەی بیروباوەڕی سیاسییان جیاواز بوو لەگەڵیاندا، لە کاتێکدا تەنها هۆی سەرەکی لە سێدارەدانیان کورد بوونیان بوو نە بیروباوەڕەکانیان. پاش

شەهید بوونیشیان ستەملێکردنیان هەر بەردەوام بوو و تاوەکو ئەمڕۆش.

من وەکو کوردێک تا رۆژێک زیندوو بم دیمەنی خۆیان و سێدارەکانیانم لە بیر ناچێت کە لە باخچەی (مصلى)ی کەرکووک بوو. لە سیدارەدانی ئەو کەڵە پیاوانە لای منی کورد لەو سەردەمەدا کارێکی زۆر پێشبینی کراو بوو چونکە هەرکەسێک بە دڵسۆزی و پاکییەکەوە رێگەی تێکۆشان بگرێتە بەر، زیندان و ئەشکەنجەو مردن و کوشتن و لە سێدارەدان، لەو خاڵە سەرەتاییانەیە کە لە پیش چاوی خۆی دایدەنی و نە لێیدەترسێت و نە سڵی لێدەکات، بەڵام ئەوەی من و هاوتەمەنانی منی سووتاند لەو رۆژە رەشەدا رەفتار و کرداری دوژمنانی کورد بوو لەگەڵ تەرمە پاکەکانیاندا بە هەڵواسراوی و ئەو شایی و دهۆڵ و زۆڕنا لێدانانەیان و ئەو جنێوە ناشرینانە بوو، کە ئاراستەی ئەو نەمرانەوە کوردیان دەکرد، جگە لەبەردەباران و تەماتەو هێلکەی نەکووڵاو و پێڵاوباران کردنیان بوو.

من وەکو کوردێکی خەمخوار بۆ ئەو رووداوە دڵتەزێنانە، بە پێی توانا، هەوڵم داوە کە بەشێوەیەک لە

شێوەکان یادیان زیندوو رابگرم. لە ساڵی ١٩٧٠ وە و تاوەکو ئەمرۆش چونکە جگە لە کورد بوونیان زۆریان خزم و کەس و دەرهاوسێی دیوار بە دیوار و هاوبیرو هاوڕێمان بوون.

پاش بەیانی ١١ ئازاری ساڵی ١٩٧٠ من ئەندامی لیژنەی ناوچەی کەرکووکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووم.

علی سنجاری ( هێشتا لە ژیاندایە) کە بەرپرسی لقی سێی پارتی بوو لە کەرکووک، لە یەکەمین دانیشتنندا لەگەڵیاندا باس لەوە کرا کە چێبکەین لە کەرکووکدا.

یەکەمین پیشنیاز لە لایەن منەوە کرا بە شفهی و بە نووسینیش، دروستکردنی پەیکەر بوو بۆ ئەو شەهیدانە لە دەورو بەری باخچەکەی (مصلی) دا. لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی قوتابیان و پارتیش کە ئەو کاتە مرۆڤێکبوو بە نێوی محمد فاتح، ئامادە بوون لە دانیشتنەکەدا، وتیان بیری لێدەکەینەوە. پاش هەفتەیەک وتیان، ئەگەر ئەو کارە بکەین دەبێتە هۆی ئاژاوە لە کەرکووکدا، بە تایبەت لەگەڵ تورکمانەکاندا!!، من وتم، باشە لەوێ نا، بەڵام لە ناوچە کوردییەکاندا، یا تەنها لە

گۆڕەپانێک لە کەرکووکدا کە شارێکی کوردیەو دەسەڵاتیش بە دەست کوردەوەیە، دیسانەوە وتیان، دەیان شکێنن و دەیان رووخێنن و گرفت درووست دەکات.
من هەر سوور بووم، لەسەر داواکە،ئەوجا، پێشنیازم کرد لە شوێنێکدا بە ژمارەی ئەو نەمرانە درەخت بنێژن یا ستۆن درووست بکەن یا چرا هەڵواسن و نێوی مەیدانی ئەو شەهیدانە بێت، بەڵام لەبەر لاوازی و بێدەسەڵاتییان، ئەوەشیان نەکرد تا دڵی برا تورکمانەکانیان لێ زویر نەبێت.

لە کۆتایی نەوەتەکاندا لە رۆژنامەی بارزاندا بە درێژی باسم لەو نەمرانە کردووە.

لە تەلەفزیۆنی (مەد) و (میدیا) هەر باسم لێکردوون بە تایبەت لە بەرنامەیەکدا کەدۆکیومەنتەری بوو لەسەر کەرکووک لە دەرهێنانی کاک سیروان رحیم دیسانەوە باسم لەو قارەمانانە کردووە.

لە دوای رووخانی (بعث) و دەسەڵات پەیداکردنی کورد لە کەرکووک و بوونی کاک عبدالرحمن مصطفی بە پارێزگاری من لە لەندەنەوە نامەیەکم ئاراستەی بەڕێزیان کرد، ئیتر نازانم گەیشتبووە دەستی خۆی یا نا (ئێستاش

وێنەی نامەکەم لایە)، کە جگە لە دروستکردنی پەیکەر و نێونانی هەندێ کتێبخانەو قوتابخانەو شەقام بە نێویانەوە، وەکو پارێزگار داوا لە دەوڵەتی مەرکەزی لە بغداد بکات لە رێگەی کوردانی دەسەڵاتداری مەرکەزەوە تا، **یەکەم**، بە شەهید بناسرێن و **دووهەم**، بریاری (اعادەی حقوق مدنی)یان بۆ دەربهێنن لەگەڵ (رد الأعتبار) و مووچە بۆ بە جێماوانیان، پاش تێپەڕبوونی یەکساڵ لە کەرکووکەوە تەلیفۆنێکم بۆ هات کە پیشنیازیان بۆ بغداد بەرزکردووەتەوەو داوای کاتیان کردووە، چونکە لەبەر نائارامی بارودۆخ، ئەو جۆرە کارانەیان دوا خستووە. بەلامەو سەیر بوو و گوومانم هەیە کە نامەکە گەیشتبێتە دەستی کاک عبدالرحمن.

ئەوەی سەیرو سەمەرە لە ساڵی ١٩٧٠وە هەر کوردێک لە بغداد دەسەڵاتی وەرگرتووە کوردی لێدەرکەیت بۆ هەموو نەتەوەکانی دیکە بە دڵ و گیان کاری کردووە، ئیتر نازانم ئاوو هەوای بغداد (غیرەتەکان) دەمرێنێت یا بە داخەوە دەڵێم خۆیان هەر لە بنەڕەتەوە نەیانبووە.

ئەوەی جێێداخە پاش رووداوەکانی ١٤ی تموزی ١٩٥٩ ی کەرکووک لەسەر داوای نەتەوەکانی دیکە بە

تایبەت تورکمان، تاکو ئەو درەختانەی کە کوژراوەکانی ئەوانی پێدا هەڵواسرابوو، هەموویان لە بنەوە هەڵکەند. رەنگی سووری باصەکانی کەرکووکیان لە سوورەوە گۆڕی بۆ شین. دەیان کوردی هەژاریان شەهید کرد کە سەر کاروانیان، **نەمر محمدأمین شەربەتچی زەنگەنە** بوو.

نەمر محمدآمین شەربەتچی، بەراستی مەشخەڵێک بوو، کە رێگەی تارێکی لە بەر پێی نەتەوەیەکدا رووناککردەوە، کە بەراستی زۆربەیان تا شەهیدبوونی ئەو نەیاندەزانی، رێگە و بیری کوردایەتی چییەو چۆن دەبێت بگردرێتەبەر. ئەو خاوەن شەهادەیەکی بەرز نەبوو، سیاسییەکی دەرچووی زانکۆی سۆربۆن و ئۆکسفۆردو لندن نەبوو، سەربە هیچ لەو دوو حزبە نەبوو کە لەو سەردەمەدا لە گۆڕەپاندابوون، کە پارتی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، بەڵام بەبێ زیاد و کەم دەیڵێم کە ئەوەندەی ئەو دوو حزبە لە کەرکووکدا، تینی هەبوو لە راکێشانی خەڵکە کوردە بەرەو تێکۆشان لە پیناوی نەتەوەکەیاندا، تەنها بە رەفتارو کردارو قسەکانی کە لەو باوەڕەدام، هیچ یەکێک لەو

کەسانەی کە لەو سەردەمەدا خۆیان بە سیاسی و (عقل الکل) لە قەڵەم دەدا، هێندەی ئەو بیری خەڵکەکەکیان پێ رووناک کردبێتەوە، جگە لەوەی کە بە جلە کوردییەکانیەوە کە هەمیشە لە بەریدا بوو، ناسنامەی کوردبوونی بە هاتووچۆکەرانی شارەکە، پیشان دەدا. بە هەموو مانایەکەوە خاوەن کەسایەتی و کارێزما بوو، مرۆڤ بوو بە هەموو مانایەکی مرۆڤایەتییەوە. باشترین بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەم چەند وشە کوورتەی من لەسەر ئەو نەمرە ئەوەیە کە، یەکەمین کورد بوو کە لە کەرکووک و ئەتوانم بڵێم لە هەموو کوردستاندا، شەهیدکردنەکەیەتی لە لایەن (تۆرانییەکانی) سەر بە تورکیاوە، بە رۆژی رووناک و بە بەئاشکراو بە بێ ئەوەی، میریش بچووکترین هەڵوێست بەرامبەر بەو کارەساتە پیشان بدات، یا سزای بکووژان بدات، کە هەموو خەڵکی شارەکە بە تایبەت دەورووبەرانی دوکانەکەی، دەیانیاننناسی و هۆی کوشتنەکەشی ئەوەبوو کە وەک لەسەرەوە باسم لێکرد. کەسایەتییەکەی ترسێکی ئەوتۆی خستبووە دڵی تۆرانییەکانەوە، کە وایان بیردەکردەوە کە لە رۆژێکدا

دەبێتە هۆی لە رەگ و رێشەوە هەڵکەندنیان، لە شارەکەدا.

گەورە خەمیش بۆ ئێمەومانان ئەوەبوو کە، بکووژەکانی دوای ساڵانی هەفتا پەنایان برد بۆ دەڤەری باڵەکایەتی ژێر دەسەڵاتی شۆرش و پارتی دیموکراتی کوردستان، رێزێکی وایان لێگیردرا کە لە دڵسۆزترین کوردەکان نەگیراو ئەگەر برۆیشتبایەن بۆ تورکیای قیبلەی ئاواتیان، بەو شێوەیە پێشوانییان لێنەدەکراو خانوو و کەپری شاهانەیان بۆ دروستنەدەکرا و بە دەیان و بەڵکوو بە سەدانیش پاسەوان و چەکداریان لە دەوریاندا بۆ پاراستنیان دانەدەمزراند. کە رەخنەش لە سەرکردایەتی دەگیردرا کە ئەمە (فلان)کەسەو ئەو سەرۆک لیژنەی بکووژانەیە، کە برپاری شەهیدکردنی رەوانشاد شەربەتچی و دەیانی کوردی دیکەی دەرهێنا. بەڵام بەداخەوە دەیانگووت "زۆر چاکدەزانین کێیە، بەڵام هیچی لێناکەین چوونکە کارمان پێیان هەیە و هەرگیز نەیانگووت چی کارێک!! ئایا نزیککردنەوەیان لە تورکیای ئەو سەردەمە بوو، یا بۆ مەبەستی دیکە. هەر ئەو تاوانبارە لە ژێرەوە سیخووری بۆ تورکیا دەکردو و کار گەیشتە

ئەوەی کە چەندین نامە و راپۆرتی لێگیردرا کە دەینارد بۆ میتی تورکی و رادەست رۆژنامەوانێکی میدیاکانی تورکی کردبوو کە بیگەیەنێت بە جێگەی مەبەستی. راپۆرتەکانیش هەمووی لە دژی کوردو ئاشکرا کردنی ئەو نهێنیانە بوو، کە بەخۆ نزیککردنەوەی لە لێپرسراوانی کورد بە دەستی دەهێنا. خۆشبەختانە، دوای ئەوەبوو کە لە زندانی گووندی (خەلان)، زیندانی کرا و تا بانگی ئاشبەتاڵ هەڵدرا، لەوێدا بوو، کە دوایی ئازادیان کرد و بە رێزەوە ناردیان بۆ ئێران، لە کاتێکداو هەر لەو زیندانەداو لەو رۆژەدا، نەمر فاخر مێرگوسووری و هەموو ئەندامانی خانەوادەکەیان پێکرا، گوولـلەباران کران.

جگە لەو داوایانەی تۆرانییەکان کە لەسەرەوە باسکران، بە دەیان داوای دیکەشیان بەرزکردەوە، کە زۆر بە پەلە بۆیان ئەنجامدرا، بەڵام ئەوەی جێیداخە شەهیدەکانی ئێمە بە تەواوی لە بیر کران. **سەڵاو لە رەو انی پاکیان.**

# پاشکۆی

## -٨-

## کەرکووک، دایکێکی باوەش نەرم

دەبێ کەرکووک چەند دایکێکی بەهەست و سۆزو نەرم و نیان و میهرەبان و باوەش گەرم بێت، کەوا رۆڵە شەیداکانی وا بە پەرۆشەوە پۆل، پۆل، گیانی خۆیانی پێدەبەخشن، تا لە باوەشیدا ئۆقرەو ئارام بگرن و ئاسوودە بنوون.

کەرکووک، شارێک، لەوەتەی هاتووەتە بوون، داگیرکەران، دوژمنان، خۆ و خاکفرۆشان، هەوڵ دەدەن سیمای کوردبوونی بگۆڕن و بلەوتێنن، بەڵام هەوڵەکانیان بە فیڕۆدا چووەو هەر کورد ماوەتەوەو دەمێنێت. ئەوجا گەوجییە کە ئەمڕۆ چەند دڕندەی دەشت و بیابان نشینی بێ کوولتوورو فەرهەنگی پێخاووس، هەوڵی ئەوە بدەن شارێک داگیر بکەن کە رۆڵەکانی لە ناخی دڵ و دەروونەوە ئامادەن کە لە پێناوی پاراستنیدا گیانیان ببەخشن.

*****

# سوپاس و پێزانین

خۆزگە لە سوپاس بەولاوە وشەیەکی بەهێزتر هەبووایە کە لە ناخەوە دەرمبڕیبایەو پێشکەشی کاک (بەختیار کامل)ی خۆشەویستم بکردبایە، بەرامبەر یەک لە سەدی ئەو کارانەو ئەو ماندووبوونانەی کە لە پێناوی مندا، ئەنجامیداوەو دەدات و کێشاویەتی و دەیکێشێت، لە بەڕێوەبردنی لاپەڕەکانمەوە بگرە تا دەگاتە، یارمەتیدان و پشتیوانیکردنم و شوێن دەنگ و باسی باروودۆخی تەندرووستیم، کەوتن و بە سینەیەکی فراوانەوە ئاگادارکردنەوەی هاوڕێ و خزم و کەسان و خۆشەویستانم، چی لە ڕێگەی پەیامە نووسراوەکانەوە و چی تەلیفۆن و چی پەیامی دەنگییەوە. خوای گەورە. ئەو مرۆڤە مەزنە یا لەراستیدا (ملک کریم)ەم، بۆ بپارێزێت و تەمەن درێژی بکات و دوور لە هەموو، نەخۆشی و ناخۆشییەک و سێبەری هەمیشەیی بێت، لەسەر هاوسەروو چووار منداڵە خنجیلانەکانی، ئەوانیش بۆ ئەم بهێلێت بە خۆشی و تەندرووستییەوە، لەگەڵ تەمەنێکی درێژدا.**بێئەندازە سوپاس بەختیار گیان، یاخوا بەخت هەمیشە یارت بێت.**

# ناوەڕۆک


لاپەڕە

١. سەرەتا ٣

٢. ئاخێک بۆ کەرکووک ٧

٣. میدیاکان ٨

٤. لە وێنەکانی (أنفال) ٩

٥. کەرکووک یا تۆ ١٥

٦. ئەتک ١٧

٧. دەردە دڵێک بۆ کەرکووک ١٩

٨. نامەی کەرکووکییەک بۆ خوا ٢٠

٩. کەرکووک جوانترین بووک ٢٢

١٠. شەیدای دیدار ٢٣

١١. من کەرکووکیم ٢٤

١٢. لە شەڕە پەڕۆوە بۆ شەڕە بەڵگە ٢٧

١٣. بەرهەمی خوێن ٢٩

١٤. (قدس)ی شێخ جلال و دڵی شێخ مسعود ٣٢

١٥. کەرکووکتان خستە مەزادەوە ٣٥
١٦. شەیدای کەرکووک ٣٧
١٧. باوەشی یار ٤٢
١٨. (آیة)ی (أنفال) ٤٣
١٩. من کێم و چیم ٤٤
٢٠. چیرۆک بۆ منداڵان ٤٨
٢١. ئاگر پەرستی ٤٩
٢٢. دڵدارە درۆزنەکان ٥١
٢٣. من ٥٦
٢٤. خەمەکانم ٥٨
٢٥. دوای راپەڕین ٦٤
٢٦. چیرۆک بۆ لاوانی ساڵی ٢٠٢٠ ٨٢
٢٧. کەرکووکی سفرەدار ٨٥
٢٨. بڵێی؟ ٨٦
٢٩. پێشمەرگەو کەرکووک ٨٧
٣٠. گیانبەخشانی کەرکووک ٨٨
٣١. خوداوەندا بمکە بە هەور ٨٩

٣٢. بۆ شەڕڤانێکی گیانبەخشی باشووری ٩١
٣٣. کەرکووکییەک لە رۆژئاوا، بە خوێنی
خۆی گووڵ دەڕوێنێ ٩٦
٣٤. لە یادی زێدی من شۆرجە ٩٩
٣٥. شۆرجە پاش ٤٥ ساڵ ١٠٦
٣٦. من کێم ١٠٨
٣٧. چاپکراوەکانم ١١٧
٣٨. چاپنەکراوەکانم ١٢١
٣٩. رێگەی کوردایەتی ١٢٨
٤٠. بیروباوەڕی کوردایەتی ١٣٠
٤١. پاشکۆی -١- پارتە پەڕۆپەرستەکان ١٣١
٤٢. پاشکۆی -٢- کەرکووک کوردستانە ١٤٢
٤٣. پاشکۆی -٣- وڵامێک بۆ هاوڕێیەک ١٤٥
٤٤. پاشکۆی -٤- ئایا کەرکووک کوردستانە؟ ١٥١
٤٥. پاشکۆی -٥- کەرکووک و کارتی سوور ١٥٧
٤٦. پاشکۆی -٦- رفراندۆم یا گشتپرسی ١٦٠
٤٧. پاشکۆی -٧- شیخ مارفی بەرزنجی ١٦٧

٤٨. پاشکۆی -٨- کەرکووک دایکێکی ١٧٦
٤٩. سوپاس و پێزانین ١٧٧
٥٠. ناوەڕۆک ١٧٦



# Lawaneweyekî Bêdeng Bo Kerkûk

# لاوانەوەیەکی بێدەنگ بۆ کەرکووک

# A Silent Elegy For Kirkuk

من وەکوو شەم دەسووتێم و
دڵۆپ دڵۆپ، دادەچۆڕێم،
بە چوواردەوری لەشی خۆدا،
تا تاریکی لە نێوبەرم،
لەسەرڕێگەی،
عاشقانی شەیدا تۆدا،
بەڵام ئەفسووس،
دڵدارانی درۆزنی نێو باوەشت،
بەشادی تۆ پەرێشانن،
هیوایانە کە بتبینن،
بۆ هەمیشە،
لە نێو خوێن و ئاگروو،
شین و رۆڕۆدا.